



# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە رەواکانی و رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: 326 سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠خەزەڵوەری هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی نۆڤامبری دوو هەزار و بیست ی زایینی


# پەیامی سکرتێری گشتی بەبۆنەی 10ی خەزەڵوەر، ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات.



هاونیشتمانیانی کوردستان!
تێکۆشەران و خەباتکارانی شۆڕشگێر!
پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان!
لە دوای فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هێرشی هێزی بەکرێگیراوی پاسدارو هێزەکانی دیکەی ڕژیمی ئاخوندی بۆ سەر شارو گوندو شەهیدو بریندارکردنی هاونیشتمانیان و سوتانی ماڵ و جێگەی ژیانی دانیشتوانی کوردستان و ناچار کردنی خەڵکی کوردستان بۆ دیفاع لە خۆیان، لە هەمانکاتی هێرشی دژمن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهات و کوڕان و کچانی خوێن گەرم و زۆربەی ئەوانەی دەیانتوانی چەکی دیفاع لە نیشتمان و دانیشتوانانی هەڵگرن هاتنە ڕیزی پێشمەرگەوەو توانیان زەربەتی قورس لە هێزی پاسدارانی پارێزەری دەسەڵاتی دیکتاتۆری و جینایەتکار بدەن.
هێزی پێشمەرگەی نەبەزو قارەمانی کوردستان، ئەو پێشمەرگە گیانبازو خۆنەویستانەی کە لە ساڵی 1359 ی کۆچی خۆری لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە بە پێکهاتنی سازمان لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات سازماندران، شەڕێکی چارەنووس سازو کەم وێنەیان لە دژی هێزی قودسی ڕژیم لە 10ی خەزەڵوەری 1358 کۆچی خۆری بەڕێوەبرد.
لەو جەنگەدا کە لە سەر لە بەیانی تا تاریکان و بە، بەرینایی نزیک بە 20 کیلومیتر، لە پێچەکانی هەژدە دۆڵانی جادەی سەردەشت بانە، تا ناو شاری بانە ڕویدا، زۆربەی هێزی دژمن و دەیان ئۆتۆمبیل و چەک و تەقەمەنیان لە ناوچوون. بە داخەوە لەو جەنگەدا 8 پێشمەرگەی قارەمانی سازمانی خەبات شەهید بوون و گیانی پاکیان فیدای ئازادی و ڕزگاری گەل و نیشتمان کرد.
هەر بە دوای شکستی ڕژیم لەو جەنگەدا، خومەینی بە خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند کە دەنگی ئێوەم بیست و بە ناچاری ئاگربڕی ڕاگەیاندو داوای ووت وێژی کرد. ئەگەرچی خومەینی و ڕژیمە دیکتاتۆرەکەی بە فێڵ وبە مەبەستی کات کڕین و خۆ سازدانەوە بۆ دەست پێکردنەوەی دەورێکی نۆی لە جەنگ، ئاگربەستیان راگەیاند، ئەوە بوو دوایەش هێرشیان بۆ سەر کوردستان بەربڵاوتر دەست پێکردەوە. بەڵام سەرەڕای هێرشی بەربڵاوی دژمن و داگیرکردنی کوردستان، داستانی 10ی خەزەڵوەرو سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک دەستکەوتێکی گەورە لە بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە درەوشایەوەیی مایەوە.ئەمرۆ لەم یادەدا جارێکی دیکە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ڕایدەگەێنێ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات بڕیاریان بڕیاڕی تێکۆشان و گیانبازیە لە پێناو ئازادی گەل و ڕزگاری کوردستان و شۆرشی ڕەوا لە بەرانبەر ڕژیمی دیکتاتۆری ویلایەتی فقیە.
سازمانی خەبات هێزێکی نیشتمانی و نەتەوەییەو، لە گەڵ خەڵکی کوردستانەو بۆ ئازادی کورد تێدەکۆشێ، سازمانی خەبات ریشەی لە ناخی کوردستان داکوتاوەو هەروەک چیا، هەروەک لێڕەوارەکان و جەنگەڵەکان، هەروەک ڕوبارو، وەک هەناسەیە، سازمانی خەبات داری هەزار ڕیشەیە، خوێنی شەهیدو ڕێبازی شەهیدان وکەس و کاری شەهیدان و هاونیشتمانیانی پاک و نیشتمان پەروەر پشتیوانین. ئەو کەسەی گەرەکیە لە ڕێبازی سازمانی خەبات حاڵی بێ، ئاوڕێکی کورت لە مێژووی خاوێن وبێگەردی، لەسیاسەت و کردەوەو هەڵوێستە نیشتمانەکانی، لە نەبەزی و نەترسی لە بڕیاڕی نەتەوەیی و لێبڕاوی پێشمەرگەو لە کاروانی لە خۆێندا شەڵاڵی شەهیدانی و دەیان کارکردو هەڵوێستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی بڕوانێ، لە جەستەی برینداری تێکۆشەرانی، لە پەیمان و بەڵێن و وەفاداری، لە تەبایی و دوریی کردن لە ناوچەگەرایی و دەستە بەندی، و لە زۆر دیاردەی کەم وێنەی دیکەی بڕوانێ، جا ئەو کات بۆی دەردەکەوێ کە سازمانی خەبات ڕەسەنترین تەشکیلات و سازمانی تێکۆشەرە. کادرو پێشمەرگەو ئەندامەکانی لە هەر کۆڕێکدا، سەربەرزانەو بێ سڵەمینەوە ئامادە دەبن و دڵخۆش دەبن کە لە ڕێزی سازمانێکی سیاسی و نەتەوەیی و تێکۆشەردان کە خاڵێکی لاوازی سیاسی لە ماوەی 41 ساڵ کارو تێکۆشانیدا نیە. بەڵێ سازمانی خەبات داری هەزار ڕیشەیە، وەک چیا سەرکەشەکان بە قوڵایی کوردستاندا ریشەی داکوتاوەو لە قوڵایی دڵی هەموو ئەوانەدایە کە سازمانی خەبات و پێشمەرگە پاک و دڵسۆزەکانی بە باشی دەناسن. بێگومان یەکێک لە پێناسەکانی سازمانی خەبات قارەمانی و نەبەردی 10 ی خەزەڵوەرو داستانە حەماسی و کەم وێنەکانی لە ڕوبەڕوبونەوە لە بەرانبەر هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئاخوندیە.
هۆگرانی ڕێگەی ئازادی!
هاوڕێیانی سازمانی خەبات !
لە کاتێکدا یادی 10ی خەزەڵوەر بەرز ڕادەگرین کە بە داخەوە لە کوردستان و ئێران و لە سەرانسەری جیهاندا، نەخۆشی کۆڕۆنا زیاتر لە یەک ملۆێن مرۆڤی کوشتوەو زیانێکی گەورەی بە ئابوری جیهان گەیاندوەو دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی بە داوی خۆیدا هێناوە. ئاشکرایە ڕژیمی ئاخوندی هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ هاوکاری خەڵک لە ئیران و کوردستان هەڵنەگرتوەو تەنانەت هەوڵیداوە لە کۆڕۆنا، وەک قەیرانێک بۆ بەردەوامی دەسەڵات و شاردنەوەی کێشە بەربڵاوە، سیاسی و ئابوریەکان و پەرەپیدانی جینایەت و چەوسانەوەی خەلکی وەزاڵە هاتوی ئێران کەڵکی لێوەرگرێ.هەر وەک دەرکەوت دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی بەرپرس بوون لە بڵاوبونەوەی کۆڕۆنا هەروەها بەرپرس بوون لە شاردنەوەی، لە ماوە چەند مانگ تێ پەڕین بە سەر بڵاو بونەوەی لە ئێراندا، کە ئەوە دەرخەری کەمتەرخەمی و دژمنایەتیانە لە گەڵ خەڵکی ئێران.بە بۆنەی کۆچی .

بۆ لاپەڕەی {٢}

**تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**



پەیامی سکرتێری گشتی بەبۆنەی 10ی خەزەڵوەر، ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات.{1}


بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی10 ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستان.{2}


تێڕوانینێک لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئامریکا.{3}


شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان و مێژووی خوێناوی ئەو هەرێمە. {3}


یادی سەرووەران.{6،5،4}


پێشمەرگە هێمای بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی.{7}


ئێرەج مێسداقی ,سیخوڕ و خۆفرۆش، تەوابی ڕژیمی ئاخوندی!{7}


سەرنجێک لەسەر کوشتنی بەرپرسانی ڕژیمی ئێران!{8}

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {326} ساڵی سی و شەشەم . 30 خەزەڵوەری1399 ی کۆچی خۆری .20نۆڤامبری2020 ی زاینی

## پاشماوەی لاپەڕەی یەک {1}

... هاونیشتمانی کوردستان و ئێران بە هۆی نەخۆشی کۆڕۆنا، سەرەخۆشی بە خانەوادەکانیان و خەڵکی کوردستان ڕادەگەینین و لە غەم و پەژارەیاندا خۆمان بە شەریکیان دەزانین. بێگومان ئاخوندە جینایەتکارەکانی دەسەلاتدار لە ئێران بەرپرسن لە بڵاو بونەوەو پەرەسەندنی مەینەتی و کێشەی هەمەچەشنە بۆ خەڵکی ئێران، سیاسەتی شەڕخوازانەو ئاژاوەگێڕی لە وولاتانی جیهان و پشتیوانی لە ترۆر و تاقمەو دەستە ترۆریستیەکان و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی چەکی هێرش بەرو دروست کردنی بۆمبێ ئەتۆمی،ناردنی ئینقلابی خومەینی بۆ وولاتانی ناوچەکە، دزی و گەندەڵی دەسەلاتداران و دزینی سەرمایەی خەڵکی ئێران و دەیان کردەوەی دژی خەڵکی دیکە دەرخەری دژایەتی دەسەڵاتە لە گەڵ خەڵک. سازمانی خەبات پێ وایە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فقیە لە ماوەی 41 ساڵ دەسەڵاتیدا، ئەوەی بە باشی دەرخستووە سەلماندویەتی کە بە هیچ شێوێک ئاڵوگۆڕی بە قازانجی خەڵکی ئێران و کوردستان لێ ڕەچاو ناکرێ و ئەو ڕژیمە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دەسەڵاتدارییەوە لە تەپڵی شەڕیداوەو دژی ئاشتی و ڕێگەی ئاشتیخوازانە بووە، هەر بۆیە سازمانی خەبات پێ وایە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ووت وێژ لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە دڕندەیە بە زیان بۆ خەڵکی کوردو جولانەوەی شۆڕگێڕانەی تەواو دەبێ و لە بەرانبەریشدا ڕژیم لە شانۆکاری بە ناو ووت وێژ بە قازانجی دەسەڵاتی نامەشروعی کەڵک وەردەگرێ.لەم یادە پیرۆزەدا داوا لە هێزەسیاسیەکانی کوردستانی ئێران دەکەم لە پێناو یەکخستنی هێزو تواناکان، بە جیددی هەوڵ بۆ کاری هاوبەش، لە سەر سێ بنەمای خەبات و شۆڕش لە پێناو گەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی لە چوارچێوەی ئێران، ڕەد کردنەوەی ووت وێژ لە گەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی لە چوارچێوەی کاری هاوبەشماندا، پێداگری لە سەر سیستم و دەسەڵاتی پارڵمانی و دیموکڕات کە مافی تێکڕای چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێدا ڕەچاو بکرێ و هیچ ئایین و باوەڕو مەزهەبێک لە بڕیاردان و ئیدارە کردنی وولات دەخیل نەبێ. جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە پێناو ئازادی و بەختەوەری خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئێران و پەرەپێدانی هاوکاری و هاودەنگی تێکڕایی لە ئێراندا، پێداگری لە سەر هاوپەیمانی لە گەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و شورای میلی مقاومەتی ئێران وەک ئالترناتیوی داهاتوو بۆ دەسەڵات لە ئێران دەکاتەوە کە زیاتر لە 25 ساڵە بێ پسانەوە بەردەوامە.بە پێویستی دەزانم لە بۆنەدا ئەو بڕیاو هەڵوێستەی سازمانی خەبات دووپات بکەمەوە کە هەر جۆرە هەوڵێکی کوڕی شای جینایەتکار بۆ نزیکی لە لایەنە سیاسیەکان بە فریوکاری دەزانین و باوەڕمان وایە کە کوڕی شاو دەستو پێوەندەکانی، پێگەیان لە ئێراندا نیەو ناتوانن کارێک بە قازانجی خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستان بکەن،ئەوان دژمنی خەڵکی کوردن و سازمانی خەبات هەوڵەکانی کوڕی شا بە گاڵتەجاری و بێ بنەما دەزانێ.لە کۆتاییدا پێ◌َداگری دەکەینەوە کە بە هاوکاری و هاودەنگی و بە کاری هاوبەش و بە پشتیوانی خەڵکی ئێران ڕژیمی ملهوری ئاخوندی لە ناو دەچێ و خەڵکی کورد و خەڵکی ئێران بە تێکڕا، لە چوارچێوەی حکومەتی دیموکڕاتی و نیشتمانی بە سەقامگیر و بە ئازادی ریشەدار شاد دەبێ.

لە گەڵ پیرۆزبایی دوبارە بە بۆنەی 10 ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

بابەشێخ حوسەینی

10ی خەزەڵوەری 1399 ی کۆچی خۆری.

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی 10ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستان.




ڕۆژی هەینی 9ی خەزەڵوەری 1399، لە بنکەی ناوەندی، ڕێوڕەسمی 10ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە بە ئامادەبوونی ڕێزدار سکرتێری گشتی و ئەندامانی سەرکردایەتی، و بە دەقیقەیێک وێستان بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی شەهیدان، دەستی پێکرد. پاشان داوا لە بەرێز کاک بابەشێخ حوسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستان کرا بەو بۆنەوە پەیامەکەی پێشکەش بکات. بەرێزیان لە پەیامەکەی دا وێرای باسکردنی بەستەرەکانی پێکهاتنی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات و چۆنیەتی تۆمارکردنی حەماسەی کەم وێنەی 10ی خەزەڵوەر، لەسەر بریاری بەردەوامی تێکۆشان و گیانبازی لە پێناو ڕزگاری کوردستان پێداگری کردەوە. بەرێزیان لە بەشێکی تری پەیامەکەی دا ئاماژەی بە دۆخی ئێستای ئێران و کوردستان کرد و وێرای شیکردنەوەیێکی کورتی دۆخی نالەباری کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەلاتداریەتی ئاخوندەکان، دووردیمەنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی بە گەشبینیەوە پێناسە کرد و هاوکات بانگەوازی یەکگرتوویی و یەکڕیزی نەتەوەیی و هاوکاری لە نێوان هێزولایەنەکانی کوردستانی ئێران و بە پێوەرگرتنی ڕەدکردنەوەی هەر جۆرە دانووستانێک لەگەڵ ڕژیمی دیکتاتۆری ئێران بەرز کردەوە. لەدوای ووتەکانی ڕێزدار کاک بابەشێخ حوسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، سرودی " 10ی خەزەڵوەر" لە لایەن کۆری هونەری سازمانی خەبات پێش کەش کرا. پەخشانی میداڵی ووشەم بۆ بەرۆکت ئەی پێشمەرگە لە نووسینی بەرێز کاک ڕێبواری حوسەینی ئەندامی دەفتەری سیاسی و لەخوێندنەوەی هاوڕێیان ساسان و فرمێسک بڕگەیێکی تری ڕێورەسمەکە بوو. هەروەها کۆری سرودی منداڵان سرودێکی سەرنجراکێشیان پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد. لەناوئاخنی بەرنامەکان دا چەندین سرود، شیعر و پەخشان پێشکەش کرا و دوایین بڕگەی ڕێورەسمەکەش ڕێژە ورێگە ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگە و هەڵپەرکێ بوو.













# تێڕوانینێک لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئامریکا.

نووسینی: ئازاد حوسەینزادە



ئەوەی ئامانجە لەم کورتە نوسراوەیەدا زیاتر لە هەڵبژارنەکانی ئامریکا و کاریگەری ئەو هەڵبژاردنانە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەت کوردستان، ئاماژەیەکی کورتە بە چۆنیەتی و شێوازی بەڕێوەبەرایەتی نەتەوەکان و دەوڵەت نەتەوەکان. دیارە سیاسەتی کۆماری و دێموکراتەکان تەنانەت FBI و CIA بۆ نزیکایەتی پرسە گرینگ و چارەنووس سازە نێوخۆییەکان جیاوازی هەیە و هەندێ جاریش بۆتە هۆکاری کێشە و بەربەرەکانی لە نێوانیاندا. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە نزیکایەتی وان لەگەڵ نەتەوە و وڵاتانی دیکەدا هەیە خۆی لە چوارچێوەی پرۆژە و پلانی درێژخایەن دا دەبینێتەوە کە لە ناوەندی وەزارەتی دەرەوەدا کاری لە سەر دەکرێ.هەر بۆیە ئامانجی گشتی ئەو بابەتە باسکردنە لە پرۆژەی درێژ خایەنی ناوەندی بەڕێوەبەری دونیا بۆ نەتەوەکان و دەوڵەت نەتەوەکان.کۆتایی شەڕی جیهانی دوویەم سەرەتای دونیای یەک جەمسەری بوو. بەرەی سوسیالیزم بە هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت ڕێگەی دا ئامریکا ببێتە سوپێر پاوێر(زلهێز). وەک لایەنی سەرکەوتوو لە شەڕی جیهانی دوویەم بە بێ ئەوەی وڵاتەکەی ڕاستەوخۆ لە شەڕ دابێ بوو بە بەڕێوەبەری دونیای ئەورو، لە کاتێکدا وڵاتانی بەشدار لە شەر خەریکی خۆ ڕێکخستنەوە و ئاوەدان کردنەوەی سەر لە نوێ بوون. هاوکات بە وردبینی و تێڕوانینی ژیرانە نەک لە ئامریکا خۆی، بەڵکوو لە وڵاتانی تریش خۆیان سەقامگیر کرد وەک ئەوەی خەونیان پێوە دەبینی و لە خەیاڵی دا بوون بە بەڕێوەبەری دونیا و ڕۆڵی پێشەنگایەتی دونیایان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد. دیارە لە پێناو ئەوەش دا تێکۆشانی گەورەیان کرد و سەرەڕای بە دوور ڕاگرتنی وڵاتەکەیان لە شەڕ توانیان یەک لە سەر سێی خاڵە ستراتیژیکەکانی دونیا بکرن و لە هێڵی بەرژەوەندیە گشتیەکانیاندا بە کاری بێنن. هەڵسوکەوتی ئامریکا وەک حکومەت لە دەرەوەی جوگرافیای خۆی دا هەمیشە لە پێناو ئامانجەکانی وەک سەروەری شانازی بۆ ئامریکا بووە. دیارە ئەو بابەتە دەرفەتی شیکردنەوەی پرۆژەی دەوڵەت نەتەوە و موهەندیسی نەتەوەکانی تێدا نیە، بەلام دوابەدوای هاتنە ئارای دونیای تاک جەمسەری ئامریکا بە فەرمی بوو بە بەڕێوەبەری دونیا و بە واتایەکەی تر بەڕێوەبەری دەوڵەت نەتەوەکان. هەر بۆیەش بەرنامە و پلانی تایبەت بە هەر وڵات و نەتەوەیەک داڕێژرا و بواری لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە سەر وڵاتان و نەتەوەکان بەرفراوان کرا. لە چوارچێوەی گەڕۆک، تاجر، لێکۆڵەر، مامۆستا و ... هتد دا سەردانی وڵاتان دەستپێکرد، هەر ئەوەش بوو بە هۆی هاتنە ئارای بەشێکی زانستی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی دونیا بە نێوی ئۆریانتالیسم.دیارە موهەندیسی نەتەوەکان پرۆژەیەکی بەرفراوان و درێژ خایەنە، لەو چوارچێوەیەش دا هەمیشە پرۆژەی جێگرەوە و پلانی پاڵپشت یان یەدەگ بوونی هەیە. بۆ ئەوەی لە ئەگەری نەگونجان و پێک نەهاتنی پلانی مەبەست، بێ پرۆژەی جێگرەوە نەمێننەوە. لەو چوارچێوەیە دا هەمیشە پلانی Aو Bو C ئامادە کراون. پلانی یەکەم دەکرێ نزیکترین پلان بێ لە بەرژەوەندیەکانی ئەوان بەلام تاکە پلان نیە. ڕەنگە تێچووشی کەمتر بێ لەوانی تر. لە ئەگەری سەرنەکەوتنی پلانی یەکەم پلانی دوویەم یان سێیەم دێتە ئاراوە. دامەزرانی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی لە سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەویەکان دا وەک پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی لە ئێران دەستی پێکرد و دواتر ڕادەستی ڕێژیمی ئاخوندی کرا تاکوو ئێستا لە ئاراستەی بەرژەوندی وڵاتانی زلهێز و بەتایبەت ئامریکا دا هەنگاوی ناوە و بۆتە هۆکاری سەرکەوتنی سیاسەتەکانیان.

# شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان و مێژووی خوێناوی ئەو هەرێمە.

ئامادە کردن و نووسینی: ڕێزان شەهیدی پەنا

لەرۆژانی سەرەتای پاییز دا، لە 6 ی ڕەزبەری 1399 ی کۆچی خۆری بەرامبەر بە 27 ی سپتامبری 2020 ی زاییینیەوە, شەرێکی خوێناوی لە نێوان وڵاتی ئازەربایجان و ئەرمەنستان پاش ئاگربەسی ساڵ 1994 دەستی پێکردووە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. هەردوو وڵات یەکتری تۆمەتبار دەکەن بە بەزاندنی سنوور و سەرووری خاکی وولاتیان. وەزارەتی بەرگیری ئەرمەنستان دەستێوەردانی هێزەکانی ئازەری وەکوو هۆکاری ئەم شەرە لێکدایەوە وڕایگەیاند کە 3 کەس لە هێزی ئەم وڵاتە لەم شەڕەدا کوژراون وهەروها یەک کەس لە هێزی کۆماری ئازەربایجان کوژراوە.هەر بەگوێرەی هەواڵەکە, بەرپرسانی ئازەربایجان رایانگەیاندووە لەم مانگەدا 35 جار سنوورەکانیان لەلایەن ئەرمەنەکانەوە بەزێنراوەو هەرجارەش ڕێککەوتن کراوە بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو دەستدرێژییە , بەلام دواتر ڕێککەوتنەکە پێشێلکراوەتەوە. بەلام ئەم شەڕە بە کوژرانی ١٥ کەسی دیکە لە ، هێزەکانی هەردوولایەن زیاترتەشەنەی سەند ولە ڕۆژانی دواتر لاچە و کە دواتر ئەم ڕێژەیە زۆرتر بوە. مێژووی خوێناوی ئەو هەرێمەی دوو وڵات جەنگی بۆ دەکەن.هەرێمی کاراباخ شاخاویی و پڕ لە دارستانە , لەنێو سنورە جوگرافییەکەی ئازەربایجانداى و لە 80% ی دانیشتوانەکەی بە رەگەز ئەرمەنین. لەگەڵ ئەوەی کاراباخ لەنێو سنورەکانی ئازەربایجاندایە بەلام خاوەن دەسەڵاتی خۆیانن خۆ خۆبەڕێوەبەرییان هەیە. ئەم هەرێمە لە ساڵی ١٩٩٤ وە ، لەلایەن ئەرمەنستانەوە پشتیوانی دارایی و سەربازیی دەکرێت. ئەم دوو وڵاتە ماوەی چەندین ساڵە لەسەر ئەم ناوچەیە ناکۆکیان هەیە. لەو شەڕەدا تاکو ئێستا زیاتر لە سی وپێنج هەزار هێزی نیزامی هەردوو لا کوژران و زیاتر لە ٨٠٠ هەزارکەس لەم ناوچەیە ن ئاشتی وسەقامگیری درێژماوە قەت لەم ناوچەیە نەبوە och هەمووکات لەنێوانیان شەڕو ناکۆکی هەبوە.بەهۆی دەستێوەدانی وڵاتیانی ئەمریکا ، فەرەنسا ، ئیسرائیل و ئێران و ڕوسیا ، کێشەی قەرەباغ بۆتە ، بابەتێکی نێود. تەنانەت چەند موشەک لەنزیکی سنووری نێوان ئێران و ئەرمەنستان وئازەربایجان هاوێژراوە و تورکیا بۆ پشتیوانی لەئازەربایجان کە بە برای خۆیان بانگیان دەکا پێوەندیە دیپلۆماتیەکانی لەگەڵ ئەرمەنستان بچڕاندوە .هەروەها ئیسرائیل چەندین فرۆکەی بارهەڵگری چەک وتەقەمەنی ناردوە بۆ ئازەربایجان .گرنگی ناوچەی قەرەباغ.قەرەباغ لە پێشوودا بۆخۆی ناوچەیێکی خۆدموختاربو ئە ئەنجومەنی باڵای قەرەباغ لە ٢٤ ی دیسەمبەری ١٩٤٤ ڕۆیێرت کۆچاریان بۆماوەی دووساڵیش هەڵبژاردنی پارلمانی بەرێوەچوو. کۆماری ئازربایجان دژایەتی کوردەکانی دەکا و لووتکەی ئەم دژایەتی کردنە لە تێکدان و ڕوخاندنی کۆماری "لاچین" پێتەختی کوردستانی سوور لە ساڵی 1927 ی لێکەوتەوە.پێوەندی ئەرمەنستان وگەلی کوردباشتر لە ئازەربایجان نەبوە و ئەرمەنستان هەوڵی بۆ لەناوبردنی زمان و کلتوری کوردانی ئەم ناوچەیە داوە وزۆربەی کوردانی ئەم ناوچەیە ڕویان لە ڕوسیاکردوە. مێژووی کورد دەگاتە سەردەمی کاشیەکان وزیاتر لە ٧٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەوێ ژیاون. بەهۆی کۆچی زۆرەملی وسیاسەتی دژەکوردی ئەم وڵاتانە زۆربەی کلتورە کوردیەکان لەم ناوچەیە خەریکی لەناوچوونە.



لە شەڕێکی دیکەدا لەسەر ناوچەی قەرەباغ, ئازەربایجان وئەرمەنستان کە هەست بە مەترسی دەکەن, بەڵێنیان بەکوردەکان داوە کە, جارێکی دیکە وڵاتەکەیان بەفەرمی بناسێنێ و کوردستانی سوور, کەپێشتر بە بڕیاری لەنین و بە پایەتەختی شاری لاچین, ناسراوبو, دابمەزرێنەوە. دواتر چەندین جارهەوڵدرا تا کوردستان سوور دابمەزرێ بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی تورکیە جێبەجێ نەبوو.ئێستا لە کۆتایین هەواڵدا ، ڕوسیە باس لە ئاگر بەس لەنێوان کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان دەکات. پاش دەساعەت وتووێژ و کوژرانی لانیکەم ٣٠ کەس ئەم دووڵاتە ناچار بە ئاگربەس بوون. بڕیار وابوو ئەم ئاگربەسە بۆ کردەوە مرۆڤدۆستانەکان وەکوو ئاڵۆگۆڕی دیلکراوان و تەرمەکان, لەساعەتی دوانزەی نیوەڕۆی, شەممە 10 ی ئۆکتەبر جێبەجێ بکرێ و بە نێوانبژیوی ڕوسیە و فەڕانسە و ئەمریکا, وتووێژی نوێی دەسپێکاتەوە. بەڵام بە پێی ڕاپۆرتە فەرمیەکان ، کاژمێرێ پێش وپاشی کاتی ئاگربەس ، شەڕوپێکدادان نێوان هێزە نیزامیەکانی ئازەربایجا.



# پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بە بۆنەی کۆچی دوایی حاجی مستەفا مەحمودی.

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی مستەفا مەحمودی (موچەیی) م پێگەیشت.کاک مستەفا موچەیی یەکێک لە تێکۆشەران و دڵسۆزانی ڕێبازی سازمانی خەبات و شۆڕشی مافخوازی و ڕەوای گەلی کورد بوو. حاجی مستەفا هەم لە پێش پێکهاتنی سازمانی خەبات و هەم لە دوای پێکهاتنی سازمانی خەبات، تێکۆشاوەو بە دیاری کراوی وەک پێشمەرگەی هێزی بەرگری لە چەندین جەنگ و ڕوبەڕوبونەوە لە بەرانبەر پاسدار و هێزی داگیرکەری ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی بەشداری کرد.حاجی مستەفا و هاوسەری کۆچ کردوی و ئەندامانی خانەوادەی، هەمیشە دڵسۆزی ڕێبازی سازمانی خەبات و پشتیوان دڵسۆزی مامۆستا سەیید جەلال حوسەینی دامەزرێنەری سازمانی خەبات بوون.دبۆنەی کۆچی دوایی حاجی مستەفا، سەرەخۆشی و هاوغەمی خۆم و هاوڕێیانم لە سازمانی خەبات، بە کاک ساڵح مەحمودی (موچەیی) کادرو پێشمەرگەی دێرینی سازمانی خەبات و تێکڕای ئەندامانی خانەوادەو خزمانی حاجی مستەفا و خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی بانە، پێشکەش دەکەم.بەو هومێدەی بە زوترین کات ئازادی نیشتمانی ڕەنگین و وەدی هاتنی ئازادیی یەکجاری،و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ستەمگەری ئاخوندی لە ئێران، کە ئاواتی حاجی مستەفا و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێرانە، بێتە دی.لەگەڵ پرسە و سەرەخۆشی دووبارەم.سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.سکرتێری گشتیبابەشێخ حوسەینی 6ی خەزەڵوەری 1399

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بە بۆنەی یادی لە دایک بوونی پێشەواو پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی موحەممەد.




بەنەی یادی لە دایک بوونی پێغەمبەری مەزن و پێشەوای ئیسلام حەزرەتی موحەممەد ، گەرمترین پیرۆزبایی ەە مو حەزرەتی موحەممەد لە گەڵ ئەوەی پێغەمبەری دینی ئیسلام بوو لە هەمانکاتدا ڕێبەرێکی کەم وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێغەمبەری ئیسلام توانی لەماوەی پێغەمبەرایەتیەکەی دا پێشکەوتنی بەرچاو لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە لایەنی ئەرێنی پێک بێنێ و هەموو کات لەگەڵ لایەنگرانی دین و باوەڕەکانی دیکە بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی کردووەو لە ئیدارەکردنی وولاتیشدا خاوەن باوەڕانی دیکەی بەشدار کردووە .

بێگومان هەر جۆرە توندو تیژی و کردەوەێکی تڕۆریستی و هەر هەڵوێستێکی نەشیاو لە لایەن هەر دەستەو گروپ و تاکە کەسێکەوە بە ناوی ئیسلام و بە ناوی لایەنگری لە پێغەمبەری ئیسلام , زیانبارو مەترسیدارەو پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی دینی ئیسلام و حەزرەتی موحەممەدو ئاشتی و پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی بە تێکڕاو , خاوەن دین و باوەڕەکانە بە تایبەت.لە هەمانکاتیشدا بێ ڕێزی بە حەزرەتی موحەممەد و دینی ئیسلام و هەر پێغەمبەرێک و هەر دینێک , کردەوەێکی نەشیاوەو, حەق وایە حکومەت و دەسەڵاتەکان و یاسادانەران لە سەرانسەری جیهان , بە شێوەی قانونی, بێ ڕێزی و تەوهین بە هەموو دین و باوەڕەکان سنووردار بکەن .بەو هومێدەی یادی لە دایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام ببێتە هۆی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی و هیچ کەس و لایەنێک ئەو مافە بە خۆی نەدا کە بە ناوی ئیسلام و بە ناوی دیفاع لە حەزرەتی موحەممەد , کردەوەی تڕۆریستی و ئاژاوەگێڕی ئەنجام بدات, و ئەو دەستەو تاقمە تڕۆریستیانەی بە ناو ئیسلام جینایەت دەکەن و موسڵمان و غەیرە موسڵمان دەکوژن و ئاژاوەو بشێوی لە وولاتان ئەنجام دەدەن و ئامانج و مەبەستیان دژایەتی ئینسانیەتە , ریسواو سەرشۆڕبن و ئاسەواریان نەمێنێ.
جارێکی دیکە یادی لە دایک بوونی حەزرەتی موحەممەد لە موسڵمانانی کوردستان و ئێران و جیهان پێرۆز بێ.
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.سکرتێری گشتی،بابەشێخ حوسەینی
8 ی خەزەڵوەری 1399 ی کۆچی خۆری

# پەیامی کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات بە بۆنەی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا شاعیری ناوداری کورد.



زۆر بە داخەوە خەڵکی شاری سنەی سەربەرز، یەکێک لە شارەکانی مەڵبەندی کوردایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری و تێکرای شارو ناوچەکانی کوردستان، جارێکی دیکە تازیەبارن بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیری هەست ناسکی کورد مامۆستا جەلال مەلەکشا. مامۆستا جەلال مەلەکشا لە شاعیرە نەتەوەیی و کوردپەروەرەکانی کوردستان بوو کە لە ماوەی ژیانیدا تووشی گەلێک ئازارو ڕەنج و دەربەدەری بۆوە، و هیچ کات لە ڕێبازی گەل لای نەداو ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی نەیتوانی لە ڕێبازی ئازادیخوازی و کوردایەتی پاشگەزی بکاتەوە. مامۆستا جەلال مەلەکشا لە ڕیزی ئەو شاعیرانەی کوردستانە کە خزمەتی بەرچاوی بە شیعرو ئەدەبی کورد کردووەو خاوەن دەیان شیعری نەتەوەیی و نیشتمانیە. کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا، سەرەخۆشی بە خانەوادەی بەڕێزیان و خەڵکی شاری سنەو تێکڕای شارو ناوچەکانی کوردستان پێشکەش دەکات.بەو ئاواتەی ئامانجەکانی مامۆستا جەلال مەلەکشاو تێکڕای گەلی کورد بێتە دی.

کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
11ی خەزەڵوەری 1399 ی کۆچی خۆری.



# یادی سەرووران.





شەهید ماموستا خەلیل شەریفیان

## سەرووەری گەل شەهید مامۆستا سەید خەلیل شەریفی .

مرۆڤ بەو هەموو بەرزی و بەنرخیە کە خودا پێیداوە و ڕیپێداوە، کە بیگاتێ، کەم تەمەنە. کەم مرۆڤ هەیە بگاتە نرخ و باییەکەی خۆی، بگاتە پلەیەک کە شیاویەتی. زۆربەی مرۆڤ تەمەنی یەکجارەیان لە کاری بێ بایەخ دا، دوایی دەهێنن. بە بێنرخی دەژین و دەمرن، ئەو ژیانە بە نرخ و باییەی خۆیان لە پوچ و بەتاڵ دا دەبڕیننەوە. ئەو ژیانەی مرۆڤ کە بە مرۆڤایەتی بکرێ و لە مرۆڤایەتی و چاکە دا بەکاربهێندرێ، ژیانە کە بەرز دەبێتەوە و پێی دەگاتە، ئەو پلەی کە خودا بۆ مرۆڤایەتی داناوە. ئەو کەس گەلەی کە سەرگەرمی خزمەت بە ئینسان و کەسب و کارە بۆ بەدەست هێنانی بەرهەم، کە خۆیان بە ڕەنجی خۆیان بژین و ماڵ و منداڵ و کەسانی تریش لەبەرهەمی ڕەنجی وان بەهرە بەرن،بە لەش ماندوون بە ژیانی خۆیان و ئینسانانی ترەوە هیلاکن بە ئیسلاحی ناو کۆمەڵ، کۆڵ هەڵگرن بە شادی کردنی خەمبارانەوە، ژیانیان تاڵە بە تاڵی ژیانی خەڵکەوە، شادمانن بە شادمانی ئینسانەوە، لە بەرامبەر دەستدرێژکاردا کێون و لە بەرامبەر بێچاران دا خاکی و بێدەمارن و نەرم و بەچیەکەڵدانەن، کاتی دیفاع لە بەرامبەر ستەمگەردا. ژیانی خۆیان لەبەرچاو ون دەبێ و تەنیا ژیانی هەژاران دەبین. سەربەرزی خۆیان لە خۆ ماندووکردن و خۆ بەختکردن لە پێناو گەل و هەژاران دا دەبینن. مرۆڤێکن، بەڵام دونیایەکن لە ئینسانیەت و لە هەموو دەرویەکی چاکە دا چاوەڕوانیان لێدەکرێ. لە تەنگانان دا بیر خەڵک دێنەوە و لە شادمانیان دا جێگە بە کەس بەرتەنگ ناکەن، بۆ خەڵک دەژین و بە خەڵکەوە دەژین، تا دەژین خێرن بۆ کۆمەڵ و کاتی مردن بۆ کۆمەڵ دەمرن و لە کۆمەڵ دەمرن. هەموو ژیانیان بریتیە لە کار و ماندوویی و فیداکاری. کاتێک کە هەموو ژیانیان بۆ گەل دەوێ، لەگەڵ گیانی ئەوانی ویست، ئەویشیان دریغنیە لێیان.دیارە ئەو جۆرە مرۆڤانە زۆرن ئەگەر لە چاو زۆری مرۆڤیش دا زۆر نەبن، زۆرنەبن لە دەوروبەری ڕابەرانی پاکی ئینسانیەت دا مرۆڤی نمونە زۆر بوون و لە ناو کۆمەڵی مرۆڤایەتیش دا ئینسانی هەڵکەوتو بوون. بە تایبەت لە ڕیزی شۆڕش و خەبات و دیفاع دا، هێندێ هەڵکەوتون کە بە ڕاستی چۆن شۆڕش داوای لێکردوون وا هاتوونەوە. ئەوانەی مافی گەل و هەژارانیان دەرک کردوە و ستەم و نارەوایان لەبەرچاو گەش بووە و دڵیان ژانی کردوە، بەو نارەوایە و بەو ماف پێشێل بوونە، ئەوانەن شۆڕش و خەبات دەست پێدەکەن و دەبنە ڕابەر.گومان نیە کە ئەگەر ئینسان لە دەروونی دا بە باشە نەخوڵقابێ و ئەگەر گونجاو بار نەهاتبێ، ئەگەر منداڵی میر دەرچێ و لە منداڵیەوە ئینسان و ئینسان دۆست بار نەهاتبێ، ئەگەر دەردی هەژاری و تاڵی و سوێری نەچێشتبێ، ئەگەر هەژاری لەبەر دەستی ستەمگەران دا ژانی بە جەرگی نەگەیاندبێ و ئەگەر ناڵەی دەردەداران دڵی بریندار نەکردبێ و ئەگەر ئامۆژگاری ئینسان و سەرمایەی مرۆڤایەتی نەخستبێتە دڵیەوە، ناکرێ لە شۆڕش دا ئاوا پاک فیداکار و لە خۆ بووردوو و دڵسۆز دەرچێ و ئەگەر وانەبێ بە بای دڵمەندی دەڕوخێ و خۆ لەبەر لافاوی دەردی سەری جیهان دا ناگرێ. شۆڕشگێڕ و خەباتکاران هەڵکەوتەن، لە شۆڕش و خەبات دا کە پڕە لە تاڵی و سوێری و برسیەتی و ڕووتی و ماندویی و بێخەوی و دەربەدەری و مەترسی و بریندار بوون و کوژران و گیران، هێندێکیان باشتر دەردەکەون و ئەو جۆرە مرۆڤانە لە شۆڕش و خەبات دا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستن و زیاتر جەوهەریان لێدەردەکەوێ. ئەوەی لە کڵی شۆڕش دا لە کڵ دەرهات، ژیری بێ خەوشە، ئینسانی جێدارە لە سەر زەوی دا.لەو جۆرە مرۆڤانە لە سازمانی خەباتی کوردستان دا زۆر بوون. بۆ کوڕانی تێگەیشتوو و بە ڕەحم و بە غیرەت، ستەم لێکراوی گەلەکەمان دیارە و ژانی ئەو ستەمەی کە لە گەلی کورد دەکرێ دڵی ئەو خاوەن باوەڕانە وەژان دەهێنێ و ئەوانە بە خوێنی خۆیان ستەمی زاڵم ڕادەماڵن.ئەمڕۆ یادی سەرووەرێک دەکەین لە کۆڕی شەهیدانی سوورخەڵاتی سازمانی خەبات، کە وەک گوتمان وا بوو لە ژیان داو وا دەرچوو لە شەهادەتدا. ئینسانێک بوو کە لە و بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێش دا چاوی بە دنیا هەڵێناو لەبەر دەستی باوکێکی پاک و بێوەی دا بارهات، ژیانی گەنجی بە ڕەنج و ماندوو بوون و خوێندن بردە سەر و لە ئەرک و زەحمەت و ڕەنج چاوی نەدەترسا.ئەو شەهیدە نمونەیە، مەلا سەید خەلیلی شەریفیە.

مەلا سەید خەلیلی شریفی کوڕی سەید شەریف لە سەیدەکانی سەدبار، لە ساڵی ١٣١٤ لە دێیی مەڕانەی دەشتی کەڵوێ لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایک بوو، دوای حەوت ساڵ باوکی ناوبراوی نایە بەرخوێندن، سەید خەلیل درێژەی بە خوێندن دا لە حوجرەی فەقێیان و تەمەنی بە قۆناغی مێر منداڵی نەگەیشتبوو کە دایک و باوکی کۆچی دواییان کرد. سەید خەلیل بەسەرپەرەستی خاڵی، درێژەی بە خوێندن دا لەگەڵ ئەوەش دا کە لە خوێندنەکەی دا تێکۆش بوو، ئینسانێکی پێسپی و بێدەسەڵات نەبوو. سەید خەلیل کە بۆ خۆی کوڕە هەژار بووە سەرەڕای ئەوەش بێ دایک و بابی ئەوەندەی تریشی هەژار کردبوو، دەردی هەژارانی باش دەزانی بە تایبەت، دەردی گەلە هەژارەکەی خۆی چاک دەرک دەکرد. سەید خەلیل یەکێک بوو لە هەست زیندووەکانی کوردستان، هەرچەند خوێندنی مەلایەتی بۆ تەواو نەکرا بەڵام، خوێندەوارێکی زیرەک و بەتوانا بوو.دوای ئەوە کە هاوسەرگیری کرد، بوو بە مەلا و پاشان ئەوەندەی نەخایاند ماوەی چەند مانگێک بە تۆمەتی سیاسی گیراو بەهۆی خۆڕاگری و نهێنی نەدرکاندنەوە ئازاد کراو لە حاڵەتی نێوان ترس و متمانەدارایدا ژینی بەڕێ دەکرد. سەید خەلیل دوای ئەوە کە لە زیندان ڕزگار بوو دەستی دایە کار و خەریکی کاری ئاڵماتور بەندی بوو زۆر سەر دەرچوانە دەست بە کار، خەریکی ئەو پیشەیە بوو، تا شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد و شارو پادگانی بانە کەوتە دەست کومیتەی شار، سەید خەلیل لە لایەن کومیتەوە کرا بە بەرپرسی پارێزگاری و ئەشیای ناو پادگان. سەید خەلیل بەو پەڕی پاکی و وریایی و قاتعیەتەوە سەرپەرەستی چەک و چۆڵ و کەرەستە و ماشین ئالاتی بانەی وەئەستۆ گرت.

سەید خەلیل ئینسانێکی بە شەهامەت و لێهاتوو بوو. سەید خەلیل لە پادگانەوە زۆربەی چەکدارەکانی بە شێوەی پێشمەرگە بار هێنا، ئینسانێکی پاک و وریا و دەست پاک بوو. لە حەستەمترین کاتدا بیری بە لای دروستی حیسابی خۆیەوە بوو. بە شێوەیەکی وا ئەمین بوو کەتا مەرگی پڕشانازی خاڵێکی لاوازی لێ نەبینرا. سەید خەلیل لە جەنگەکانی ٢٨ ڕۆژەی شاری بانەو بەهاری ١٣٥٩دا، شاری بە جێنەهێشت، تا بڵێی بەجەرگ و ئازاو چاو نەترس بوو. ترسی لە دژمن و ڕژێم نەبوو. سەید خەلیل لە دوای پێکهاتنی سازمانی خەبات لە ٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ بوو بە بەرپرسی گشتی نیزامی سازمانی خەبات، لە شەڕی هاوین لە هەژدە دۆڵان و بەندەنی قۆرغێ لەسەر جادەی بانەو سەردەشت دوای شکانی هێزەکان لەبەرانبەر هێزی دژمندا، شەهید سەید خەلیل توانی بە ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە تەواوی بەندەنی قۆرغێ لە دەستی دژمن بستێنێتەوە.

شەهید سەید خەلیل لە کاتی گەرمەی جەنگدا شێوەیەکی تایبەتی بوو، پێشمەرگەی لە گەرمەی جەنگدا دەهێنا پێکەنین. بە قسەی خۆش و گاڵتە کردن بە دژمن وورەی بەرز دەکردەوە و تەمی مەترسی جەنگی لەسەر لادەبردن. زۆری دڵ بە سازمانی خەبات خۆش بوو و زۆری ڕەنج لە پێناو دا کێشا، کە هەرچی زووتر پەرە بستێنێ. هیچ کات پێشمەرگەی نەدەشکاندەوە و پێی وابوو ئەو پێشمەرگە کە جارێ بێ وورەیی ڕویی تێدەکا، فەرماندە و دەوروبەر دەتوانن وورەی بەشێنەیی تێیدا پەیداکەن و لە داهاتودا پێشمەرگەیەکی قارەمانی لێدەرچێ. شەهید سەید خەلیل ئەندامی شورای سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسی نیزامی سازمانی خەبات بوو لە کاتێکدا کە فەرماندەیی شەڕێکی لە پشتی کانی بەن لە کێوی ئاربابە دەکرد، لە ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ ی کۆچی خۆری لە کاتێکدا کە پشتی بە پشتی شەهیدی قارەمان جەلالی عەباسیەوە بوو و بە دەم شەڕەوە قسەی خۆشی بۆدەکردن بە گوللەی دژمنی ناپاک لە لای سەریەوە پێکرا و ڕۆحی مەزنی فڕی بۆ کۆڕی شەهیدانی سوور خەڵاتی سازمانی خەبات ی کوردستان. تەرمی پیرۆزی هێندراوە گۆڕستانی تاژەبان کە ماڵیان لەو دەمەدا لەوێ بوو. هەزار سڵاو لە گیانی شەهید سەید خەلیل و هەڤاڵانی لە کۆڕی شەهیدان



## سەرووەری گەل شەهید سەید کەریم مەجیدی.

ئاگری بە تینی هەستی نەتەوایەتی لە دڵی ڕۆڵە بە ئەمەگ و فیداکارەکانی گەلی بەشخوراوی کورد دا، بڵێسە دەستێنی و نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە ڕەو ڕەوەی تێکۆشانی بێوچانی گەلە چەوساوەکەمان هەرگیز ناوەستێ و لەخۆ بردوویی لە پێناو سەربەخۆیی گەل و نیشتماندا تا گەیشتن بە ئامانج، کە ڕزگاری گەل و ئازادی کوردستانە هەر درێژەی دەبێ. سەدان ساڵە کە خەباتی بێپسانەوەی گەلی قارەمانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەواو بە حەقی ئەو گەلە چەوساوەیە ڕێگە دەبڕێ و تا ڕزگاری لە ژێر دەستی دوژمنانی لە مێژینە و کۆنە پەرەستی ئەو موبارزە بێ ئەمانە درێژەی دەبێ. بڵێسەی ئاگرینی خەبات کە لە هەستی دەروونی پڕ سۆزی نیشتمان پەروەری یەوە سەرچاوە دەگرێ بۆ داگیرکردن و هێز و تەوەژمی خۆی دوژمنانی گەل و وڵات دەکاتە ژێلەموی ڕق و تووڕەیی بە جۆرێک کە خەیاڵی خاوی داگیرکردنی کوردستان و خۆسەپاندن بە سەر گەلی قارەمانی کورد بۆ هەتا هەتایە لە بیر بەرنەوە و ئەو تاسەیە لە مێشکی گەندەڵیان بەرنە ژێرگڵ و سزای کردەوەی نابار و ناشیرینیان کە گۆڕکردنیانە ببێتە ئامۆژگاری بۆ هاوبیروباوەڕە چەپەڵکانیان بۆ ئەوەی لەوە زیاتر خەونی چەوساندنەوەی گەلی ستەملێکراوی کورد و زەوت کردنی خاکی پیرۆزی کوردستان نەبینن. دوژمنان بێ خەبەرن کە هەڵۆ بەرزەفڕ و ئازاکانی کوردستان، ماوە بە داگیرکەران نادەن کە بە چاو چنۆکی چاوببڕنە نیشتمانی خۆشەویستمان و جێگە و ڕێگەی لە مێژینەی باب و باپیرانمان بکەنە مەیدانی ڕمبازی. چونکە ئەگەر بە تەمای دابین کردنی ویستە نگریسەکەیان بن، ئەو هەڵۆ بە سام و بە هەیبەتانەی کە میراتگرانی ڕێگای ڕاستەقینەی گەل و وڵاتن و مافی پارێزگاری لە شەرەف و ئابڕوی نەتەوایەتی ئەو گەلە قارەمانەیان وە ئەستۆ گرتووە، بە چنگی تیژیان دڵی ڕەش و پیسیان لە ڕیشەوە دەردێنن و بە ئاگری بێ ئەمانی ڕق و قینی دیفاع لە کەرامەتی نەتەوەیی دەیسووتێنن و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو مەبەستە کە دوژمنانی پێ بتەزێنن خۆ فیداکردن و گیان بەخشین بە دیاریەکی کەم بایەخ دادەنێن. هەر ڕۆژێک کە لە خەباتی خوێناوی و پڕ لە شانازی گەلی بەشخوراوی کورد دەگوزەرێ، فیداکاری و لەخۆبردوویی ڕۆڵە قارەمانەکان پێشمەرگە ئازا و بە دەست و بردەکانی ئەو گەلە زیاتر و زیاتر خۆ دەنوێنێ و شاسوارەکانی ڕێگای ئازادی کوردستان و خەباتی خوێناویش لەو ڕێگایەدا دەورێکی گرینگ و بەرچاویان هەیە کە بە بەخشینی گیان و خوێنی سوور و گەشیان لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی ڕێگای پیرۆزیان بۆ هاوبیروباوەڕەکانیان بە یادگاری بەجێهێشتووە. یەکێک لەو سەروورانەی کە یادی سەرووەری خۆی بە سەربەزیەکی بێ پایانەوە بەجێ هێشتووە، شەهید سەید کەریم مەجیدی کوڕی قاسم خەڵکی شاری بۆکان بوو.

شەهید سەید کەریم لاوێکی ئازا و لێهاتوی گەلی لێ قەوماوی کورد بوو کە لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بە دنیای پڕ ئێش و ئازار و خەم وخەفەت هەڵێنا بوو. لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی خۆریدا کاتێک هەستی بە بەشخوراوی میللەتەکەی کردبوو بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمنانی ئازادی هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات و چەکی تۆڵە ئەستێنی پێشمەرگایەتی کردە شانەوە. شەهید سەید کەریم لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو ،تەمەنی لە ١٨ ساڵ تێپەڕ نەببوو هەر چەندە لە قیافە و سەرو سیمادا منداڵ کار بوو، بەڵام لە حاستی بیرکردنەوە و بۆچوونی سیاسی زۆر چاک هەستی بەستەملێکراوی گەلەکەی دەکرد. ئەوەی باش دەزانی کە دەبێ بۆ ڕزگاری لە ژێر چەپۆکی و دەست هێنانی ئازادی ڕێگای خەبات و تێکۆشان هەڵبژێرێ. هەر وەک بە شانازییەوە ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد و بە شانازیەکی زۆرترەوە لەو ڕێگایەدا گیانی شیرینی خۆی کردە دیاری و پێشکەشی هاوسەنگەرانی. شەهید سەید کەریم لە ١٤/خەزەڵوەر/١٣٦٠ لە شەڕێکی نابەرانبەردا لە شاری بۆکان بە گوللەی دوژمنانی ئازادی پێکرا و گیانی خۆی فیدای ئازادی گەل و نیشتمان کرد. هەزاران سڵاو لە گیانی پاک و بەرێزی بێت..

مامۆستا پەژار، ئەم هەڵبەستەی لە زمان شەهید سەید کەریمەوە وتوە کە دەڵ:

*نیشتمانی پڕ لە ویستم!*
*بە پیتی تۆ گورا گەرام*

*بە پێزی خاکت هەڵگەڕام*
*بە تۆدا ژیم و پێت دەژیم*

*بە تۆوە هەم و بێ تۆ چیم*
*خاکی زۆر بە نرخ وبابیم*

*بە تۆ بەرز و لە خۆ باییم*
*ئەی ڕوانگەی گشت ئاواتم*

*ئامانجی بەرەی خەباتم*
*تا لە ئامێزتدا بم خۆم*

*لە تۆ دەرچم نامۆیی نامۆم*
*لانەی شێرانی من شێری تۆم*

*لە پێناوت خۆم دانا خۆم*
*ۆخەی لانکەی مەرگ و ژینم*

*خاکی لەبەر دڵ شیرینم*
*بە سروەی بات ڕاژێنراوم*

*بە گوڵە هێرۆت هەڵات چاوم*
*چاوم لە وێنەی نێرگستە*

*ئەویش وەک چاوی من مەستە*
*ۆنام لە وێنەی گوڵاڵەت*

*زامم گەشن وەک هەڵاڵەت*
*من شەهیدم شەهیدی تۆم*

*هەر خۆم بوو بۆ تۆم دانا خۆم*
*شلکە لاوێک بووم لە مێزت*

*پێ گەییم لە ناو ڕیزت*
*بە نازی تۆ پێ گەیشتم*

*تا وام لێهات تێ گەیشتم*
*دەبێ بت پارێزم بە گیان*

*لە پێناوت دانێم ژیان*
*دەبێ بم بێ بۆ تۆ ئەمەک*

*هەر بۆیە زووتاوم دایە چەک*
*چەکی شەرەف چەکی خەبات*

*بە بۆ پاراستنی وڵات*
*خۆم دانا تا بت پارێزم*

*شەهیدیم گرتە ئامێزم*
*ڕەنگە نەمناسی کە من کێم*

*بە هی وەک من زۆرە هاوڕێم*
*من سەید کەریم مەجیدیم*

*چواردەی 8ی 60 شەهیدم*
*بە بۆکانی جێگەی ژینم*

*دوایی هات بە ڕێگای ژینم*

**شەهیدەکان مامۆستای وانەی کۆڵنەدان و خۆڕاگرین لە زانکۆی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان**




## سەروەری گەل شەهید حوسەین شەریفی.

بناغەی دیواری خەباتێک کە بە مێشکی پڕاو و خوێنی جوتیاران و زەحمەتکێشان خشتی بێژرابێ، هەتا ڕزگار بوونی یەکجارەکی ئەو چینە زەحمەت کێشەو ئەو نەتەوە زوڵم لێکراوە، قایم و لە ڕوخان نەهاتووە و خۆڕادەگرێ. ئەو دژمنەی کە چاوەڕوانی کۆتایی شۆڕش و بەو ئاواتەوەیە بە هیوای کڵاوی لارە و بە ناکامی دەمرێ. خەباتی ئەم قۆناغەی گەلی کورد شانازی بەوەیە کە کوڕە جووتیارەکان کوڕە کرێکارەکان، کوڕە زەحمەتکێشەکان بە خوێنی خۆیان شۆڕەیان کێشاوە و ڕەنگیان ڕشتووە. شۆڕشی ئەمجارەی کوردستان پاڵپشتی پاکترین ڕۆڵەکانی لە پشتە. گیانی ئەو پاکانەی کە پاکانەیان بۆ کوردستان کرد کە فیداکارێکی ئەو نیشتمانەن و بەس. پاڵپشتی بزوتنەوەی کوردستان هەزاران گیانە و خوێنی هەزاران جوتیاری کوردی بۆڕژاوە. خوێنی شەهیدێکی وەک کاک حوسەین و هاوبیرانی بەشێکن لەم گیان و خوێنانەی فیدای نەتەوەکەیان بوون. شەهید حوسەین شەریفی کوڕی حاجی ساڵح خەڵکی وشترملی ناوچەی بانە، سەراپای وجوودی باوەڕ بە ڕزگاری و تێکۆشان بۆ ڕزگاری بوو. دەکرا بە شەهید حوسەین بگوترێ بیروباوەڕ، پاکی و ئازایەتی و خۆشەویستی بنەمای ژیانی ئەم مرۆڤە بوون. ساڵی ١٣٥٩ ئەو کاتەی ڕژێمی دژی گەلی خومەینی تا دەهات بەش لە دوای بەش کوردستانی ئازیزمانی داگیردەکرد، لە ڕۆژی ٥/٨/١٣٥٩ لە ناوچەی بانە هەڵکەوتوو لە دەشتی بۆیەن لە نزیک دێی چیچۆڕان، پێشمەرگەکانی کوردستان بە گژ ئەو لەشکرە داگیرکەرەدا چوونەوە و زۆریان لێ کوشتن و بریندارکردن. لە جەرگەی ئەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو کە ئەویش شەهید حوسەین بوو. شەهید حوسەین کە بەڕاستی ئینسانێکی مرۆڤ خۆشەویست بوو بە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە شەڕو و ئاگر و ئاسن دەبارێ، چوو بۆ لای و دەستی دایە و خستیە سەرشانی و بەڵکو بتوانێ گیانێک لە مەرگ ڕزگار بکات. بەڵام بەداخەوە بە گوللەی دوژمن پێکرا و شەهید بوو. گیانی بەرزی فڕی بۆ کۆڕی شەهیدانی سازمانی خەبات و تەرمی پیرۆزی هەر لە دێی وشترمل خرایە باوەشی دایکی نیشتمان. یادگارەکانی شەهید حوسەین یادی قارەمانێتی و ئازایەتی و لە خۆ بردووی، لە دوا بەجێمانی ٧ منداڵە. بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهید حوسەین شەریفی و هەموو شەهیدانی ڕێگای کوردستان.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان

مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی کوردستان.

## یادی سەروەرانی گەل. شەهیدان ڕەسووڵ ساڵح زادە، دەروێش ئەحمەد و حەسەن مەولایی، و حسێن حسێنی، ئەحمەد ئەحمەدی، جەهانگیرمەولایی، کەریم ئەحمەدی و جەلال محەممەد پوور.

تێکۆشانی بێوچانی خەڵکی کوردستان تا ئێستا نەوەستاوەتەوە و لە قۆناغە جۆر بە جۆرەکانی خەباتدا بە شێوەی جیاجیا بە گژ زاڵمترین و بە دەسەڵاتدارترین ڕژێمی دژی گەل و دژی ئینسانیدا چۆتەوە و هیچ هێزێک نەیتوانیوە لەم ڕێگا پیرۆزەدا بیگەڕێنێتەوە. دەیان ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانی ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەلی کورد بۆ ئەم قۆناغە تێ دەپەڕێ و لەم ماوەدا توانیویانە هەموو پیلان و دەستدرێژیەکانی ڕژێمی ئاخوندی پووچەڵ بکەنەوەو لە بەرانبەر ئاگری بێ ئامانی تۆپ و خۆمپارە و بۆمبدا شێرانە ڕاوەستاون و لە شەرەف و گیانی گەلەکەیان پاسەوانیان کردووە. ئەو ئاگرە بێ ئامانەی کە دوژمنانی ئێمە لە کوردستان هەڵیان گیرساندووە، بەهۆی گیانبازی قارەمانە کوردپەروەرەکانی کوردستان لە گیانی خۆیان (دوژمنان) بەربۆتەوە و تا ئێستا هەزاران هەزاریان لە ناویدا بۆتە خۆڵەمێش و هەتا هێرش و دەستدرێژی زۆرتر بێ ڕق وتوڕەیی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی کوردستان زیاتر دەبێ و ڕۆڵە دلێرکانی کورد باشتر و زۆرتر لە دەوری خەبات کۆ دەبنەوە و لەم ڕێگایەدا گەلەکەمان ئامادە بووە کە باشترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەی خۆی فیدا بکاو بیاننێرێتە ناو کۆڕی سەروەرانەوە.

یادی ئەمجارەمان لە کۆمەڵێک شەهیدی نەمر و چەندین ڕۆڵەی گیانباز و دلێری گەلەکەمان کە لە ڕۆژی جێژنی قوربان ١٠/٨/١٣٥٨ لە شەڕێکدا لەگەڵ ستوونێکی گەورەی ئەرتەشی (گاردی جاویدان) کە لە شاری سەردەشتەوە بەرەو شاری بانە دەهات و لە ڕێگادا لەگەڵ پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات بەگژ یەکدا چوون و لە ئەنجامدا تەواوی ستوونەکە بە هەموو ماشێن و چەک و چۆڵ وکەل و پەلی نیزامییەوە تێدا چوو، بە گوللەی دوژمن شەهید بوون و بە خوێنی پاکیان خاکی نیشتمانیان نەخشاند و بە وەرەی شێرانەیان وەرەی دوژمنیان ڕوخاند و ڕوپەڕێکی زێڕینی دیکەیان خستە سەر دەفتەری سەروەران.

هەزاران سڵاو لە گیانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە کە بریتین لە:




(١) شەهید شێخ حسێن حسێنی کوڕی حەمەدەمین خەڵکی شاری بانە، لە گوندی (نژۆ) لە ناوچەی بانە لە دایک بوو . خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی نژۆ تەواو کرد و لە شاری بانە دەورەی ڕاهنمایی خوێندووە و لە شاری وەرامین دیپلۆمی وەرگرتووە. لە هەوەڵ ساڵی دەست پێکردنی بزووتنەوەی کوردستان دوا بە دوای وەرگرتنی دیپلۆم بە شانازیەوە هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەو چەکی شەرەفی کردەشان تا لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ دا لەسەر جادەی سەردەشت بانە لە کەوپێچ لە یەک کیلۆمەتری شاری بانە لە شەڕە بەناوبانگەکەی جێژنی قوربان شەهید بوو.(٢) شەهید ئەحمەد ئەحمەدی لە دایک بوی ساڵی ١٣٢٨ خەڵکی گوندی دارێنە کوڕی ئاغاڵ بەگ پێشمەرگەیەکی نەترس بوو کە وێرای قارەمانەکانی دیکەی کورد لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی گەلدا بەشداری هەبوو، لە ئەنجامدا هەر ئەو ڕۆژە بە دەستی هێرشکاران لە هەژدە دۆڵان شەهید بوو..

(٣)شەهید جەهانگیر مەولانی خەڵکی گوندی سیاوەمە و لە دایک بوی ١٣٢٣ جوتیارێکی هەژار بوو و لە هەوەڵین ڕۆژەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی لە شانکرد و هەر وەک پێشمەرگەیەکی دەست هەڵێن بەرپەرچی هێرشە ناڕەواکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی دوژمنی دەدایەوە، تا کو لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ هەر لەو شەڕەدا لە هەژدە دۆڵان شەهید کرا.

(٤)شەهید کەریم ئەحمەدی خەڵکی گوندی سیاوەمەو لە دایکبوی ساڵی ١٣٢٨ زەحمەتکێشکی بە باوەڕ بوو کە هەستی نەداری و بەشخوراوی گەلەکەی کردبوو لە ڕۆژەکانی ئەوەڵی هێرش بۆ سەر نیشتمانەکەی چەکی کردەشان و هاتەناو ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان و لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ و لە شەڕی جێژنی قوربانی لە جادەی سەردەشت بانە دا لە هەژدە دۆڵان بە دەستی دوژمنان شەهید کرا.

(٥)شەهید جەلال محەممەد پوور کوڕی حەسەن خەڵکی گوندی سیاوەمە لاوێکی تازە پێگەیشتوو ئازا بوو کە هەر لە هەوەڵی ژیانیدا حەزی لەسەر بەخۆیی و ئازادی و ڕزگاری بوو هەر بۆیەش لە بەهاری ساڵی١٣٥٨ دا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکان و دوای تێپەڕبوونی ژیانێکی کورت لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ داو لە شەڕی بەناوبانگی جادەی سەردەشت بانە داو لە جێژنی قوربان دا لە هەژدە دۆڵان وێرای چەند هاوسەنگەری تری خەڵاتی شانازی شەهادەتی پۆشی.

(٦) شەهید ڕەسوڵ ساڵح زادە خەڵکی سیاوەمە کوردێکی دڵپاک و چالاک بوو کە سەرەڕای ژیانی سەختی نەداری چەکی شەرەفی کردەشان و لە هاوینی ١٣٥٨ دا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەو لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ داو لە شەڕی بە ناوبانگی جادەی سەردەشت بانەداو لە جێژنی قوربان دا لە هەژدە دۆڵان شەهید بوو..

(٧) شەهید دەروێش ئەحمەد ڕەسوڵی خەڵکی گوندی هەمزەڵان لە ناوچەی بانە پیرێکی ئازاو بە هەڵمەت بوو کە لە هەوەڵین ڕۆژەکانی بزوتنەوەی گەلی کورد لە ساڵی ١٣٥٨ دا بە بیروباوەڕێکی پتەو و کوردانە هاتە ناو ڕیزی پڕ لە شانازی سوپای کوردستان و شان بە شانی براکانی دەجەنگا، شەهید ئەحمەد جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی ئەرکی ماڵ و منداڵیشی لە سەر بوو و لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨ دا و لە شەڕی بە ناوبانگی جادەی سەردەشت بانەدا و لە جێژنی قوربان دا لە هەژدە دۆڵان شەهید بوو.

(٨) شەهید حەسەن مەولانی خەڵکی گوندی کانی هەڵوژە لە ناوچەی بانە کوردێکی بە شەرەف و دڵپاک و ئازابوو.لە زستانی ١٣٥٧ دا هاتە ناوڕیزی پێشمەرگەکان تا لە ڕۆژی ١٠/٨/١٣٥٨دا و لە شەڕی بەناوبانگی جادەی سەردەشت بانەداو لە جێژنی قوربان دا لە هەژدە دۆڵان شەهید بوو . هەزاران سڵاو لە گیانی ئەو پۆلە شەهیدە پیرۆزە کە بە شەبەقی خۆیان ئاسمانی خەباتی کوردستانیان ڕوناک کرد و لە بەر شەوقی ئەو ئەستێرە گەشانە و باقی ئەستێرە پرشنگدارەکانیک دیکەی کوردستان .ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی خەباتگێڕانی گەلەکەمان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن بەبێ پسانەوە، ڕێگا دەبڕن.هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان بێت.




## سەروەری گەل شەهید تاهیر فەیزی.

سازمانی خەبات و شۆڕشە مەزنەکەمان پێک دێت لە تەواوی چین وئێلە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردستان جووڵانەوەیکی بەرینی هەموو لایەنەیە و سازمانەکەمان هەڵگری پەیامی گەلەو بە بێ لێکدابڕینی خەڵک و چین چین کردنیان، هەموو بەشەکانی خەڵکی کوردستانی بۆ نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی بانگهێشت کردووە. بە بێ جیاوازی لە خەڵکی ڕوانیوە و هیچ کات دژی چینێک بە قازانجی دەستەیێکی دیکە کاری نەکردووە. کاکڵی خەباتمان ڕزگاری نەتەوە و نیشتمانە، لەسەر بنچینەیێکی یەکسان و دادپەروەر کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێیدا باڵادەست بێ. چەوسانەوەی ئەم تاقم بە دەست ئەو دەستە ڕەد کراوەیەو شۆڕشە پیرۆز وسەرکەوتووەکەمان بۆتە پاردە و شوورە لە بەرانبەر هێرشی هەر زوڵم وچەوسانەوەیکی چینایەتی کە ڕژیمە حاکمەکانی کوردستان خولقێنەرین. بەرنامە و کرداری سازمانەکەمان یەک بووە و بەهۆی پێبەند بوون بە بنەمای شۆڕش و ڕابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی ونیشتمانی و ڕەدکردنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک، زۆرترین جەماوەر و خەڵکی کوردستانی لە دەووری خۆی کۆ کردۆتەوەو بە کرداریش سەدان کەس لە ڕۆڵە بوێر و بە ئەمەکەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێزی دیفاع و خۆڕاگری خەڵک لە بەرانبەر ڕژیم و تێکدەران ،لەسەنگەری بەهێزی سازمانی خەبات ئاڵاون وگیانی پیرۆزیان بەخشیوە. ڕژیمی ئاخوندی، هەموو هەوڵی خۆی داوە سازمان لاواز بکات و لەم ڕێگەوە لە هەموو چەکێک بۆ لەناو بردنی سازمانی خەبات کەڵکی وەرگرتوە. چەندین گروپی تڕۆرستی ڕێک خستووە و لە ماوەی چەندین ساڵەی دەسەڵاتیدا، دەیان کردەوی تڕۆریستی لە دژی سازمان ئەنجام داوە. هەوڵی تڕۆری ئەندامانی داوە و بەداخەوە توانیویەتی زەربەی زۆر بوەشێنێ و لە قوڵایی کوردستانی باشور، عەمەلیاتی تڕۆریستی لە دژمان بەڕێوە بەرێت .

جێگای داخە لە درێژەی ئەو پیلانگێڕیە تڕۆریستیانەی ڕژیم دا، ڕۆژی شەممە سەعات 12ی نیوەڕۆ ٢٦/ڕەزبەری/ ١٣٧٦ ی کۆچی خۆری چەند تڕۆریستی ڕژیم بە سواری ماشینێک، چەند پێشمەرگەو کادری تەداروکاتی سازمانی خەبات کە لە ماشینێکدا بوون، لە جادەی ئەسڵی سلێمانی- کرکوک، لە یەک کیلۆمیتری ناوشاری سلێمانی، بەر دەستڕێژی چەکەکانی خۆیان داو لە ئەنجامی ئەو کردەوە جینایەتکاریەدا پێشمەرگەیێکی قارەمان و خاوەن ئیمانی سازمان، بە ناوی کاک تاهیری فەیزی، خەڵکی شاری مهاباد بریندار بوو، بەهۆی کاریگەری برینەکەی، دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری دکتۆرەکان پاش پێنج سەعاAت و نیو، گیانی پاک و بەرزی فڕی بۆ ڕیزی کاروانی نەپساوەی شەهیدانی سازمانی خەبات. شەهید تاهیر فەیزی کوڕی مستەفا لە ساڵی 1358 لە سیاقوڵی مەنگوڕایەتی لە دایک بووە. لە سەرەتای مانگی ٣/١٣٧٦ دا هاتە ڕیزی سازمانەوەو دوای تەواوکردنی دەورە جۆراو جۆرەکانی پێشمەرگایەتی بەسەرکەوتویی، لە ڕیزی پێشمەرگەدا سازمان درا. شەهید تاهیر لەو ماوە کەمەدا زۆر ئازایانە هەڵدەسوڕا و کارەکانی بە چاکی ئەنجام ئەدا، بەڵام ماشێنی تڕۆری ڕژیمی ئاخوندی، نەیهێشت زیاتر بژی و خزمەت بە سازمان و گەلەکەی بکات و لە کردەوەی ڕەشەکوژی و تڕۆر کە پێناسەی ڕژیمی دیکتاتۆری ئێرانە، ئەویش بووە یەکێک لە قوربانیان وگیانی پیرۆزی بە نیشتمان بەخشی.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی سورخەڵاتی کوردستان.

**شەهیدان مامۆستای وانەی خۆڕگری و فیداکاری و کۆڵنەدانن لە زانکۆی خەباتی مافخوازانەی نەتەوایەتی دا.**


شەهید عەلی دەرماهی(سۆران)

## سەروەری گەل: شەهید عەلی دەرماهی ناسراو بە {سۆران}.

شۆڕش و خەبات و ڕاپەڕین دژ بە داگیرکەران و ماف پێشێلکەران بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلی بەشخوراوی کورد ئەوەندە بەرحەق و پیرۆزە, کە هەر رۆلەیێکی بە شەرەف و هەموو مروڤێکی کوردی خاوەن هەستی کوردایەتی وەک پیرۆزیەکی ئایینی و نەتەوەی چاوی لێدەکاو تاڕادەی گیان فیداکردن لە پێناو سەرکەوتنیدا بێ پەرواو و بێ دوو دڵی ، دێتە گۆڕەپانی ئەو خەباتەوە. ئەوانەی کە بڕیاری سەرەکی و یەکجاریان, خۆبەخت کردنە لە پێناو ڕزگاری گەل و ئازادی و ئاوەدانی نیشتمان دا خوشەویستترین ئەندامی کۆمەڵی کوردەوارین, ئەوانەی کە هەموو چین و توێژەکانی گەل سوێند بە پاکی و چاکی و چەلەنگی و جوانمێری و ئیمانداری و مەتینیان دەخۆن و وەک فریشتەی ڕزگاری و بەختەوەری لێیان دەڕوانن, گەل بە بونیان دڵخۆشە و بە سەرکەوتنیان شادمانە و بە شەهید بون و لە ناوچوونیان ڕەشپۆش و تازیەبارە و بە خەسارێکی گەورەیان دەزانێ کە لە نەتەوەکەیان کەوتن. ئەوانەی کە وا خۆشەویست و هیوای دوا ڕۆژی گەلن لە لایەن دژمنانی گەلەوە زیاتر لە خەتەردان و هەر وەک چۆن مایەی بەردەوامی شۆڕش و خەباتن ، ئاواش مایەی ترسی قولی دژمنان و دژمن زیاتر بۆ لە ناوبردنیان تێدکۆشێ. ئەو شۆڕشگێڕ و پیشمەرگانە کە بەردەوام لە شۆڕش و خەبات دا بوون و هەن ، هەوێن و هۆی مانەوی شۆڕش و خەباتن و بنەمای ڕاپەڕین و بناغەی کوردایەتی و خەباتی پیرۆزی کوردانن. هەربۆیە برینی لە ناوچون و شەهید بوونیان بەناسۆرەو کۆچیان جەرگبڕەو مەرگی بە شانازیان هێزی ئەژنۆ بڕە و هەستی هەموو خاوەن هەستان دێنێتە جۆش و هەناوان دێنێتە خرۆش. ئەوەتا بۆ وێنە بۆ بەڵگەی ئەم ڕاستیە دوای کۆچی بە ناوختی ڕۆڵەی خەباتگێڕی کورد پێشمەرگەی چەندین ساڵەی سازمانی خەبات (شەهید عەلی دەرماهی) ئەوانەی کە ناسیویە بۆ ساتێک لە گەڵێدا ژیاون و هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کردوە ، بۆی بە داخ و تازیەبارن. بەڵام ئەوە شتێکی ڕاست و نکۆڵی هەڵنەگرە کە سەرە ئەنجامی هەر خەباتگێڕێکی بەڕاستی فیداکار و لێبوردە خۆ بۆ گەل فیداکردنە, جا هەر شۆڕش و خەباتێک خەباتگێڕی وای هەبێ ڕزگاری بە ئاوات گەیشتنی مسۆگەرە و درەنگ یا زوو دەگاتە لوتکەی ئامانج. شەهید عەلی دەرماهی کوڕی کاک عەبدوڵا لە دایک بوی ساڵی ١٣٤٤ کۆچی خۆری ، خەڵکی ناوچەی تیلەکۆی سەقزە. کەسوکاری شەهید عەلی بەهۆی نەداری و دەست کورتی نەیانتوانی جگەرگۆشەکەیان بنێرنە قوتابخانە تا لە بەرهەمی خوێندن بەهرە وەرگرێ, هەر بۆیە شەهید عەلیش وەک زۆر لە منداڵانی نەتەوەکەمان بە نەخوێندەواری پلەکانی ژیانیان دەبڕن. دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شایەتی و هێرشی بە کرێگیراوانی ڕژێمی جەهل و جینایەت (ڕژێمی خومەینی) بۆ سەر کوردستان شەهید عەلی نەمر لە ڕۆژی 1358 / 9/ 20 دا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی دەفتەری ماموستا شیخ عیزەدینی حسەینی و لە شەڕی 37 ڕۆژەی شاری بانە دا چالاکانە وێڕای هاوسەنگەرانی بەشداری کرد. کاتێک سازمانی خەبات ، دامەزرا ، شەهید عەلی دەرماهی وێڕای هاوباوەڕانی لە سازمانی خەبات دا درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا. شەهید عەلی لە خەزەڵوەری 1376 کۆچی خۆری دا لە ئاکامی خەیەناتی خۆفرۆشێکی سەر بە ئیتلاعاتی ڕژێم، بۆ ترۆریستانی ڕژێم لەداو خرا و لە شاری هەڵبجەی باشووری کوردستان بە شیوەیێکی دڕنداه شەهید کرا و ڕۆحی پاکی بەرەو بەهەشتی شەهیدان باڵی گرت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاک و پیرۆزی شەهید علی دەرماهی (سۆران) و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و بەختەوەری کورد و کوردستان.


شەهید ناسر ڕەحیمی (میراوایی)

## سەروەری گەل شەهید ناسر ڕەحیمی { ناسر میراوایی}.

پایزەو پایزی کوردستانە، ڕەزبەر تێپەڕی و خەزەڵوەر گەیشتە جێ بەری، ڕەزبەری هەڵبری.گەڵای سەوز لە ترسی سەرماوەز ڕەنگی پەری و هەڵوەری، گەڵای وەک ئاڵایی سەربەستی بەباوە دەشەکاوە.با باری گۆڕی و لەگەڵی کەوتە ساردی و سری، بەخۆدا شکاوە، دەستێکی کەوتە ئەم لاوە و دەستێکی کەوتە ئەو لاوە. خەزەڵی خەزەڵوەر لە ترسی سەرمای سەرماوەز لە بەرزی دا بەزی و لە هێلان و ڕەهۆڵان خزی.سەرمای سەرماوەز سوار گای هاری بارەش بوو، ژیانی لە شین و زیندەوار و باخ و نزار کردە ژاری مار. ئاوارەی ڕووت و قوت، لەبنداری بێبەرگی ڕووت، بە هەرەشەی ڕەشەبا هەڵدەلەرزن و مناڵە کوردی پێخواس، بەدەم چەقو چووە، هەڵدەبەزن.ناوکەوتەی دنیا دیتوو دەبێ دڵ وەدا و بڵێ خودا خرایتر نەدا، بەڵام تۆ بڵەی زستان بە دۆعاو نزا باوەدا، خودا خرایتری داوە، زستان وا بەدواوە. ئەو ڕوتوو قوتوو و ئاوارە و دەربەدەرە، زستانیان لە بەرەو باری بەفری بەفرانباریان لەسەرە. ڕێبەندان بەندی بۆ باداون و داوی بۆ داناون، ژیان توندتر دەبێ و سەرما چەتوونتر دەبێ.بڕوا دەکەی ڕۆژگار هەروا بڕوا؟پێشونان گوتویانە لەگەڵ تەنگانە فراوانیە و لە دوای خەمان شادیە. دەڵێن لە دوایدا ڕەشەممە هەردێ و ڕێ بۆ زیندەوارو پەلەوەریش دەکاتەوە. خاکە لێوە دێ و ڕوی تاڵ و تونی سروشت دەشواتەوە، ڕێ بران هەڵدەگرێ. دیاری دەکرێن بوار بۆ کەوی کەوبوار، هەزار هەزار دەکەونە ڕێ بۆ کۆنە هەوار. بە یردە بازی گرد و بستواندا دەکەونە بازوو، لە بن ڕەزەوان دەکەونە رازو نیاز. لە پەرژین دەیرینگێنەوە و لە مەتەرێز یارێز دەکەن. چاوێکیان هەزار چاوەو مەترسیان لە تەیکەو داوە و لەبەری عەشرەت و کەوی ڕاوە. لەگەڵ ئەو هەموو مەترسیە ڕێ دەبڕن و دەست لە نیشتمان هەڵناگرن، خاوەنی نیشتمانی خودا دادە کوا دەربەست بە ڕێبرانی بێدادە، دەروا بەرەو هێلانە، ئەو هێلانەی کە سەری تێدا لە هێلکە دەرهێنا و چاوی بە جیهان هەڵێنا، بەرەو ئەوێن بەردەی کە زەردێنەی سەر لوتی لەبن هەڵوەراند. دەروا بەرەو جێی جینەو سەوزەڵان و شینە، بە دڵی بێ کینە ، بەو هیوایەی بێ کینە بگاتە ئاوات. بەر لە مانگی گوڵان بگاتە کوێستان، هەوارگەی باوان. مانگی گوڵان دێ و زەوی گوڵباران دەکا و هەوری بەهار، داژداری گوڵزاران دەکا. زەوی دەخەملێنێ و کەژ و کێو دەرەنگێنێ. کۆریەی غونچە، سەر لە پشتە ماڵی قۆزاخە دەردەهێنێ و بە پس پسی سروەی بەیان پێ دەکەنێ. بولبولی گەردن زەرد بە دەوریاندا دێ و لە دەوریان دەگەڕێ و بۆیان هەڵدەیەڕێ. تیشکی ڕۆژی بەهاری تاوە توێ لەشیان دەکاتە دەرو بەرگی زێرینیان دەکاتە بەر، گوڵی جوانەمەرگ شین دەبنەوە و ڕەنگ پەرپو سورو شین دەبنەوە و کەژو کێو ڕەنگین دەبنەوە. هەڵاڵەی سەر گۆی شەهیدان کۆڕ دەبەستن، لارە مل دەوەستن، دەڕوانە گۆڕی شەهید و چاو دەپاڵێون و ڕادەژێن و بە باڵا گۆڕ دەپێون. هۆ بولبولی دڵ بریندار، هۆ کەوی نەبەزی کەو بوار، دەزانن ئێمەش ئەویندار کوێستان و جێ هەوارین و هەمیشە لە بیری دیدارین؟ڕەنگە زستانی ئێمە وا زوو ڕەشەمە دێزەی ڕەشی بەدوادا نەشکێنێ، شەماڵی هیوا بەفری نەگبەتیمان گەواڵ گەواڵ نەکات، ڕەنگە بواری کەو بواری ئێمە وا زوو نەکرێتەوە، پەرتەوازەیمان وا زوو یەک نەگرێتەوە. تا لە یەک نزیک بین و کرێوە لە یەکی هەڵنەبرین، هاناتان دەبەینە بەر، هۆ کەوی گەردن بەخاڵ، هۆ بولبولی دەنگ زوڵاڵ، لەگەڵ تەیلی شەماڵ لەگەڵ سەرەتای بەهار، لە شەقەی باڵدەن بەرەو هەوار، هەوارگەی باوان پێتان لەسەر چاوان. لەبری ئێمە سەرێک لە گۆری شەهیدان هەڵێنن، سڵاوی مەیان پێ بگەێنن، بەزمانی مەل فاتیحایەکیان لەسەر بخوێنن، سەرو بانگیان لەسەر هەڵدەن و ئاڵایەکی سەوز و سوریان لەسەر هەڵکەن، روکەنە گۆڕستانی میراوای ڕووگەی نوێژ، میراوای سەربەرز بە خاسە گەورە باشان، داوێن چڵکن بە خۆفرۆشان. روبکەنە سەر گۆری شەهیدێک کە وەک بولبول ئەویندار جوانی و گوڵ بوو، لەشی وەک کەو بە خوێنی شەهادەت دێر دێر و پڵ پڵ بوو. شۆڕە لاوی خەباتی خوێناوی، کە خاسە گەورە بۆ تەرمی خاسی ئەو لاوە خاسە بە تاسەوەیە. ڕووبکەنە سەر گۆڕی بازی بەرز پەرواز، کە خاسە گەورە پیر بوو بە هیوای باز و بەڵام ئەو بازەی لێ نەنیشت. ڕووبکەنە سەر گۆڕی شەهیدی دڵ بە هومێد کە بە شلکە لاوی گیانی لە پێناو نیشتیمانی داناو هیواو ئاواتی بە هەڤاڵان سیارد. چووە ناو کۆڕی ئەو شەهیدانە، کە چاوەڕوانی ئاوەدانی ڕێباز و سەرکەوتنی گەل و ئازادی نیشتمانن، ڕووبکەنە سەر گۆڕی شەهیدێک کە بە خوێنی پاکی، خاکی چەمیاراوی پاراو کرد و خوێناوی تێکەڵ لە خوێن و نمی شەرمی پریشکێکی خۆفرۆشی لە داوێنی میراوای سەربەرز شتەوە. شەهید ناسر میراوای، خۆی کردە فیدای گەل و نیشتمان. ئەو شەهیدە کە دڵی بە باوەڕ بە خۆشەویستی گەل و نیشتمان ئاوەدان بوو، تا بڵەی ئارام و ڕوخۆش و ڕێگەرم و دەم گەرم بوو، بە ورەو بەهێز بوو.شەهید ناسر ڕەحیمی، لە ساڵی ١٣٤٩ دا لە دێی میراوای بانە لە بنەماڵەیەکی جوتێر چاوی بەجیهان هەڵێنا. لە حەوت ساڵیدا لە دێی میراوا چوە مەدرەسە. دوای ٥ ساڵ خوێندن، لەبەر نەداری ماڵی باوکی، دەستی لە خوێندن هەڵگرت و رووی کردە کارو کاسیی. لە بەهاری ١٣٦٣ دا پەیوەندی لەگەڵ سازمانی خەبات گرت و بوو بە لایەنگری دڵسۆزی سازمانی خەبات. کاری دەکرد و جار جار بە ونی تێکەڵ بە پۆلی پێشمەرگە دەبوو، تا لە ڕۆژی ٣/١/١٣٦٣ دا باوەڕێکی پتەووە هاتە ناوڕیزی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی سازمانی خەباتەوە.

دوای ڕاهاتن و بارهاتن، چوە ناو لکی شەهیدانی دەشتە تاڵ، لە هێزی شەهید سەید خەلیل. ماوەیەک چوە ناو مەڵبەندی دووی سازمان و پارێزگاری شۆڕای سیاسی. پاییز و زستانی١٣٦٥ و بەهاری ١٣٦٦ لەو مەڵبەندەدا ئەرکی پێشمەرگایەتی ئەنجام دا. تا لە پوشپەڕی ١٣٦٦دا لەگەڵ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ١و ٣ بە مەبەستی گەڕانی سیاسی و نیزامی بەرەو ناوچەکانی پیرانشار و سەردەشت و گەورکی مهاباد و بانەو سەرشیوو، کەوتنە ڕێ. نزیک بە دوو مانگ لەو گەڕانە تێپەڕی، تا لە ئێوارەی ٢٢/٦/١٣٦٦ دا لە ناو دێی چەمپاراوی بانە لەگەڵ هێندێ کوردی ئاوارە تێک هەڵ ئەنگوت و بەهۆی ڕێنوێنی چەوتی خەڵکی ئاوەدانی، شەهید ناسر، ئاوارەکانی بە دژمن زانیبوو و نەدەکرا مەیدانیان بدا. لە کاتێکدا کە بە تەنیا بوو، بە ئاوری چەکەکەی خۆی دایگرتن و سێ کەسی لێپێکان و ئەوانیش دەستڕێژیان لە شەهید ناسر کرد و لە ئاکامدا بەهۆی برینی کاریەوە شەهید بوو. گیانی پاکی لەسەر باوەڕی دروست و پتەوی بەرەو کۆڕی شەهیدانی سور خەڵات پەروازی کرد و تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی چەمپاراو چوە باوەشی گەرمی نیشتمانەوە و بە شەهادەتی خۆی، تەمی مەنگی خۆفرۆشانی لەسەر میراوای پاکی قارەمان پەرووەردا ڕادا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ناسر میراوای و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بە تایبەت، شەهیدە سورخەڵاتەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران



شەهید ڕەسووڵ ئەحمەدی

## سەروەری گەل: شەهید ڕەسوڵ ئەحمەدی ناسراو بە (ڕەسوڵ دەرۆڵەیی)

کوردستان نیشتمانی کورد ، چەندین سەدەیە بە دەست داگیرکەرانەوە دەناڵێنێ. میللەتی چەند ملیۆنی سەر ئەو خاکە بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێتەوە و قەتڵی عام دەکرێن و بەرهەم و داهاتیان ەە تاا شۆڕشی ڕەوای گەلەکەمان ماوەی چەندین ساڵەی دژ بە دوژمنانی ئەو ئاو و خاکە بێ پسانەوە درێژەی هەیە. دوژمنانی گەل و شۆڕش بۆ سەرکوت کردنی ئەو بەرەنگاریە لە هیچ تاوان و جینایەتێک درێغیان نەکردووە و ت ە ە ت بەڵام کوا دژمنانی گەلی کورد بە خولقاندنی جینایەت و شەهید کردنی پیر و جەوانی کوردستان توانیویانە ەەو ە حەق تا بێگانە زۆری هێنابێ و جینایەتی کردبێ زیاتر خوێنی ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد گەرم داهاتووە و هەستی تۆڵەیان بو ڕۆڵە ئازاو بە شەرەفەکانی کوردستان ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ماهیەتی ڕژێمی دژی گەلی حاکم بە سەر ئێرانیان بۆ دەردەکەوێ ، بەو پەڕی سەربەرزییەوە ڕوو لە شۆڕش دەکەن و نایەڵن ڕێگای شەهیدە سەربەرزەکانمان کوێر ببێتەوە و چەکی پیرۆزیان بکەوێت س. تا شۆڕشی گەلی کورد خاوەنی ئاوا قارەمانانێک بێت و پاڵ پشتی گەلی بەشەرەفی کورد بێت قەت لەبن نایەت و هەهە اژ ەکەو او ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ لەحزەیەکیش دڵیان سارد نابێتەوە och قەت ناهومێدی ڕوو لە دڵیان ناکات. لە نووسراوی ئەمڕۆماندا یادی قارەمانێکی دیکەی گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان دەکەین کە مایەیان لە گیانی خۆیان داناو بەوپەڕی لە خۆبردوویی و سەخاوەتەوە, هاتە ڕیزی پێشمەرگایەتیەوەو تا کاتی شەهیدکرانی ئەوەندەی توانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی شۆڕش هەوڵیداو بەوپەڕی سەخاوەتەوە گیانی پیرۆزی بەخشی. شەهید ڕەسوڵ ئەحمەدی کوڕی مستەفا خەڵکی ئاوایی دڕۆڵەی ناوچەی بانە لە ساڵی 1342 ی هەتاویدا لە بنەماڵەیەیکی زەحمەتکێش چاوی شەهید ڕەسوڵ وردە وردە گەورە بوو تا پێی نایە 7 ساڵیەوە ، باوکی زەحمەتکێشی ناردیە بەرخوێندن ، تا وەک خۆی لە خو شەهید ڕەسوڵ تا چواری سەرەتایی لە ئاوایی دڕۆڵە درێژەی بە خوێندن دا, بەڵام ئەویش وەک زۆربەی منداڵە بێبەشەکانی کوردستان لەبەر کەم دەسەڵاتی بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و بۆ پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی شانیدایە بەر کاروکاسبی, هەر بۆیە لە پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی یارمەتی باوکی دەداو لەم بوارەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەدەکرد. شەهید ڕەسوڵ وردە وردە گەورە بوو تا پێی نایە 7 ساڵیەوە ، باوکی زەحمەتکێشی ناردیە بەرخوێندن ، تا وەک خۆی لە خو شەهید ڕەسوڵ تا چواری سەرەتایی لە ئاوایی دڕۆڵە درێژەی بە خوێندن دا, بەڵام ئەویش وەک زۆربەی منداڵە بێبەشەکانی کوردستان لەبەر کەم دەسەڵاتی بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و بۆ پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی شانیدایە بەر کاروکاسبی, هەر بۆیە لە پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی یارمەتی باوکی دەداو لەم بوارەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەدەکرد. شەهید ڕەسوڵ وردە وردە گەورە بوو تا پێی نایە 7 ساڵیەوە ، باوکی زەحمەتکێشی ناردیە بەرخوێندن ، تا وەک خۆی لە خو شەهید ڕەسوڵ تا چواری سەرەتایی لە ئاوایی دڕۆڵە درێژەی بە خوێندن دا, بەڵام ئەویش وەک زۆربەی منداڵە بێبەشەکانی کوردستان لەبەر کەم دەسەڵاتی بنەماڵەکەی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و بۆ پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی شانیدایە بەر کاروکاسبی, هەر بۆیە لە پەیدا کردنی بژێوی بنەماڵەکەی یارمەتی باوکی دەداو لەم بوارەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەدەکرد. شەهید ڕەسوڵ بۆ پەیدا کردنی کاروکاسبی ڕووی کردە شارە فارس نشینەکان. کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە ڕژێمی خوێنمژی پاشایەتی دەستی پێکرد ، شەهید ڕەسوڵیش وەک باقی ڕۆڵە چەوساوەکانی اود دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئاخوندی و بە دەسەڵات گەیشتنی دەستەیەک ئاخوندی مەسڵەحەتی, شەهید ڕەسوڵ وەک کوڕە کوردێکی ئازاو شۆڕشگێڕ, بە بینینی ئەو هەموو جینایەت و تاوانانەی کە گۆپاڵ بە دەستانی هێزی داگیرکەر لە کوردستاندا دەرحەق بە گەلەکەمان دەیان کرد, نەیتوانی خۆی ڕاگرێت و بەو پەڕی لە خۆبردوویی و ایانبازیەوە لە پایزی 1364 دا هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتەوە. دوای بارهێنان و ڕاهێنان نێردرایە هێزی شەهید سەید خەلیلەوە. شەهید ڕەسوڵ کوڕێکی هێواش و لە سەرەخۆ بوو ، بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی سازمان لە هیچ چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی ند شەهید ڕەسوڵ لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی سەقز و بانە بەشداری کرد و ئازایەتی و گیانبازی خۆی نیشاندا. شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە (سیوچی) ناوچەی بانە نیشان دەری لە خۆبردووی و گیانبازی شەهید. بەڵام بە داخێکی گرانەوە مەرگ مەودای نەدا ، شەهید ڕەسوڵ زیاتر لە ڕیزی سازماندا ، خزمەت بکات.لە ڕۆژی 28 / ڕەزبەر / 1365 دا کە بە کرێگراوانی ڕژێمی ئاخوندی دەستیان بە تۆپ باران کردنی یەکێک لە مەقەرە مەرزیەکانی سازمان لە ماوەتی کوردستانی عێراق کرد , لە ئاکامی ئەو تۆپ بارانەدا, دوو پێشمەرگە بریندار بوون, کە یەکێکیان شەهید ڕەسوڵ بوو, بەداخەوە لەبەر کاری بوونی برینەکەی پاش نیو ساعەت بەربەرەکانێی لەگەڵ مەرگدا ، شەهید بوو and گیانی پیرۆزی بە دایکی نیشتمان بەخشی و ڕۆحی پاکی بەر تەرمی پیرۆزی شەهید ڕەسوڵ لا ناو خەم و پەژارەی هەڤاڵانی و هەزاران سڵاووڕێز بە گیانی بێت.

## پێشمەرگە هێمای بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی.

نووسینی: کامیل نورانیفەرد



ڕەمزی مانەوەی هەر نەتەوەیێک، بوونی هێزێکی بەرگریکارە تا لە سەردەم و کاتی پێویست بەرەنگاری مەترسیەکان و ڕووبەڕووی ئەو تەعدا و ناحەقیانە ببێتەوە کە دەکرێتە سەر نەتەوەکەی. لەناو نەتەوەی کورد، ئەو هێزە پارێزەرە نازناوی پێشمەرگەی" پێ بەخشراوە و بە واتای ئەوە کە گیان و ڕۆحی خۆی فیدای میللەت و نیشتمان دەکات. دەور و بایەخی هێزی پێشمەرگە بە درێژایی مێژووی بەرەنگاربوونەوەو خەباتی نەتەوەکەمان لە بەرانبەر دژمنان، وای کردووە کە ناوی پێشمەرگە لە ڕیزی یەکەمین بایەخ و بەها نەتەوەییەکاندا بێ و جێگەی لەناو دڵی تاک بە تاکی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەردا بێ. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هێزە تێکۆشەرانەیە کە لەسەرەتای تێکۆشانی خۆی، هێزێکی نەتەوەیی و گیان لەسەر دەستی پێکهێنا و لە ژێر ناوی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات خستیە خزمەت جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردو، بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران و لەماوەی مێژووی 4 دەیەی خەبات و تێکۆشانی، بە دەیان داستانی پرسەروەری و حەماسەی کەم وێنەی لەسەر دەستی ئەو پێشمەرگە چاونەترس و قارەمانانە پێکهێناوە و باشترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانی پێشکەش بە بارەگای بەرزی شەهیدانی کوردستان کردووە. وەک ڕێزێک بۆ خەبات و زەحمەتی هێزی پێشمەرگە، ڕۆژێک دیاری کراوە کە تێیدا ڕێز لە پێشمەرگە و خەبات و تێکۆشانی دەگیرێ و ئەو ڕۆژە ڕۆژی 10ی خەزەڵوەرە، کە تێیدا حەماسەیەکی کەم وێنەی پێشمەرگانە تۆمار کراوە.

ڕۆژی 10ی خەزەڵوەر، هەم لە ئاستی نێوخۆیی و سازمانی دا بایەخێکی تایبەتی هەیە و هەمیش لە ئاستی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران گرینگی تایبەتی خۆی هەیە.

ڕۆژی 10ی خەزەڵوەری 1358، ئەو ڕۆژەیە کە هێزی پێشمەرگە بە ڕێبەری مامۆستای نەمر مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی دامەزرێنەری سازمانی خەبات، بەرەنگاری هێزی زۆر و پۆشتەی دژمن بوونەوە و وانەیێکی گەورەیان بە ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی دا. ئەو هێزەی کە هاتبوون کۆتایی بە مانەوەی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان بێنن و لەزمانی خۆیانەوە غائیلەی کوردستان کۆتا پێ بێنن، لە شەرێکی قارەمانانە دا لە جادەی هەژدە دۆڵانی نێوان سەردەشت و بانە ڕوبەڕووی هێڵی پۆڵایینی بەرەنگاری پێشمەرگە دەبنەوە و خەسارەتێکی گەورەیان لێ دەکەوێ و ئەو ئەرکە شوومەی پێیان سپێردرابوو، لە گۆڕ دەنرێ. لە ئاستی سازمانی دا بایەخی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە ئەو حەماسەتە مەزنە بوو بەهۆی گرێدانی دوو مێژووی پێش پێکهاتن و دوای پێکهاتنی سازمانی خەبات و ئەو قۆناغەی کردە قۆناغێکی گرینگ و لێکدانەبڕاوی سازمانی خەبات، و هەروەها ئەو شانازییە گەورەیەی بە هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات بەخشی کە داستانێکی وەها گەورە بە پشت بەستن بە ئیمان و ئیرادەی نەتەوەییانەوە تۆمار بکات، و وەک لاپەڕەیێکی زێڕینی نەتەوەیی لە مێژووی خۆڕاگری نەتەوەیی بە هەرمانی بمێنێتەوە و هەروەها ژیر و لێزانی مامۆستای نەمرمانی دەرخست کە توانی لەو ماوە کەمە دا بە سیاسەتێکی حەکیمانە هێزێکی وەها کارکوشتە و مونەزەم پێک بێنێ. لە ئاستی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەش دا بایەخی ئەو ڕۆژە لەوەدایە کە خومەینی ناچار کرد ئاگر بڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان ڕابگەێنێ، گەورەیی قەبارەی زیانەکە لە دژمن ئاستێکدا بوو کە خومەینی پەیامێکی دەنگی بڵاو کردەوە و وتی خەڵکی کوردستان من دەنگی ئێوەم بیست. ڕۆژی 10ی خەزەڵوەر، پیشاندەری سیمای ڕاستەقینەی هێزی پێشمەرگە بوو، ئەو هێزە گیان لەسەر دەستەی کە گەورەترین قارەمانەتی و لەخۆبردوویی لەخۆی پیشان دا و نەیهێشت پیلانی چەپەڵی ڕژیمی ئاخوندی و شەخسی خومەینی سەرکەوتوو بێ و ورە و پێگەی جوڵانەوەی کوردی بەرز کردەوە.

ئەوەی جێگەی بایەخە پەرەسەندنی ئەو ئیرادە و ئیمان و باوەڕە لەناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و بەرپرسیارکردنی تاک بە تاکی کۆمەڵگا بۆ بردنە پێشەوەی خەباتێکی سەرانسەری و لەخۆ بردووانەیە، بۆیە بۆ ئامانجێکی لەم چەشنە پێویستمان بە سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی پێشمەرگەیە و پێویستە لەو قاوخە بەرتەسکەی دەرباوێن. لەڕاستی دا ئەوەی ئەمڕۆش دەیبینین هەنگاونان بەرەو ئەو مەسیرەیە و ئەو ناوە بەرادەیێک گشتگیر و پیرۆزە کە لە هەموو ڕەهەندەکانی تریش کەڵک لەناوی پێشمەرگە وەردەگیرێ و بە کەسێک ئامادەی خۆفیداکردن بێ لە پێناو گەل، نازناوی پێشمەرگەی پێ دەبەخشرێ، هەر وەک بینیمان لەدوا نمونە دا لە دوای هاتنی کۆڕۆنا نازناوی پێشمەرگەی سپی پۆشیان بە دکتۆر و کادری دەرمانی بەخشی و لەڕێگەی ئەو نازناوە لوتکەی ڕێز و پێزانینی گەل بەخشرایە پزیشکە فیداکارەکان. ئەگەر لە یەکەم وێنا بۆ پێشمەرگە مرۆڤێکی چەکدار و تەیار بە فکری ئازادی و هەوڵدان بۆ نیشتمانمان دێتە بەرچاو کە لەدەرەوەی کۆمەڵگای خۆی نیشتەجێیە، پێویستە ئەو وێنایە بگۆڕدرێ بۆ مرۆڤێکی وریای سیاسی کە لە پێناو ئازادی و بەختەوەری کۆمەڵگاکەی لە تێکۆشان دایە جیاواز لەوەی کە لە چ شوێنێک و لەکام بەشی کۆمەڵگا تێدەکۆشێ و چالاکی هەیە. بە گەشەسەندنێکی لەو چەشنە بێگومان هێز و پۆتانسیەلێکی زیاتر لەدەوری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کۆدەبێتەوە و بەرپرسیارەتیەکان دابەش دەبێ بەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا.

بەو پێناسە نوێیە دەکرێ دکتۆرێک، ژینگە پارێزێک و فێرکارێکی زمانی کوردی و هتد .. پێشمەرگە بێ و پێشمەرگە ئاسا لە پێناو بەختەوەری کۆمەڵگاکەی تێبکۆشێ.

پیرۆزبێ 10 ی خەزەڵوەر، ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات.

## پەیامی سەرەخۆشی سازمانی خەبات بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور نەجمەددین کەریم.



به داخەوە دوکتور نەجمەددین کەریم پێشمەرگەو تێکۆشەر گەلی کورد، بە هۆی سەکتەی مێشک لە وولاتی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد. دوکتور نەجمەددین کەریم، غەمخۆری دۆزی ڕەوای کورد بوو لە کوردستانی ئێران و بەردەوام لە بەرانبەر سیاسەت و پیلانەکانی ڕژیمی ئێران و هێزی قودسی ڕژیم لە کوردستانی عێراق و لە شاری کەرکوک هەڵوێستی دەگرت و بە تایبەت لە پاییزی ساڵی 2017 ی زایینی لەو کاتەی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمی ئێران و قاسم سلێمانی و هێزی قودس هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی کەرکوک و هەرێمی کوردستان، دوکتور نەجمەددین کەریم زیاتر کەوتە دژایەتی سیاسەتەکانی ڕژیمی ئێران لە عێراق. جارێکی دیکە بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور نەجمەددین کەریم سەرەخۆشی بە خانەوادەی و خەڵکی شاری کەرکوک و دۆستان و ناسیاوانی ڕادەگەێنین.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.دەبیرخانە

1 ی نوامبری 2020 زایینی

11ی خەزەڵوەری 1399ی کۆچی خۆری

## ئیرەج مێسداقی, سیخوڕ و خۆفرۆش، تەوابی ڕژیمی ئاخوندی!

نووسینی: ماردین زاهیدی



لەم ڕۆژانەی کە میللەتی گەورەی کورد لە خەم و ماتەمی گەورە پیاوی ڕێگەی ئازادی و شاعێری نەتەوەیی، جەلالی مەلەکشادان, ئیرەجی مێسداقی هێرشی کردوەتە سەر ناوبراو و هەوڵ بۆ دارمانی کەسایەتی گەورەو خەباتکاری ئەو شاعێرە نەتەوەییە دەدات و بە بەکرێگیراوی ڕژیم ناوی دەبات, ئەمە لەحاڵێکدایە کە جەلالی مەلەکشا ساڵانێکی زۆر لە بەندیخانەو لەژێر شکەنجەی ڕژیم بووە ئەگەر وا نەبوایە ئەم شاعێرە گەورە، وەکوو ئیرەجی مێسداقی سیخوڕ, لە ئیمکاناتی دەسەڵات کەڵکی وەر دەگرت، نەک لە دۆخێکی توندی ئەمنیەتی ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی بە خاکی نیشتمان بەڕێوە بچێ. بەڵام خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە بەشداری کردنیان لەو ڕێورەسمەدا بەوپەڕی چاونەترسیەوە، سەلماندیان کە قارەمانانی ڕاستەقینە وێڕای هەموو ئەو ڕێکلامە درۆیینانەی ڕژیم, قەد لە دڵیان دەرناچێ و ئازادی و ئازادیخوازەکان هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.مێژوو پڕە لە هەورازو نشێو، و کەسانێکی زۆریش چاودێری دەکەن، بەڵام بە ڕوونی دیارە کە خەڵک چ کەسێک بە پاڵەوانی خۆی دەزانێت و چ کەسێکیش لە قووڵترین شوێنی قێزەونی مێشک و بیریدا دەمێنێتەوە.

بێگومان مانەوە لە یادو بیری خەڵکدا بۆ هەمیشەو خۆشناوی، لە گەورەترین هیواکانی مروڤ پایە بەرزەکانە, ئەو کەسانەی وا ژیانی خۆیان لە ڕێگەی ئامانجی مرۆڤایەتیدا تەرخان دەکەن و لە دڵ و بیرەوەری خەڵکدا هەتا هەتایە دەمێننەوە. بێگومان کەسانی لەو شێوە دژمنانێکیشیان هەیە کە بە هۆی بوونی ئامانجەکانیان، بە شێوەی جۆراوجۆر ئەکەونە بەر هێرش و ناحەزانیان هەوڵدەدەن بەڵکوو بتوانن لە پلەی کەسایەتی و گەورەیی ئەوکەسانە کەم بکەنەوە. گۆڕانکاری لە ئامانج و باوەڕی هێندێک لە کەسەکاندا،کە ڕۆژانێک بەبونی ئامانجیان خەباتیان کردوێت, دوور دەکەونەوە یان بە پێچەوانەکەی دەگەڕێنەوە. بەڵێ, ئیرەجی مێسداقی یەکێکە لەو سیخوڕ و بەکرێگیراوانە کە لە کاتێکدا بە ناو لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵی خومەینی لە چالاکیدا بوو, بەڵام لەدوای دەستبەسەرکران و زیندان و پاش ئازاد بوونی، ڕوخسارێکی دیکەی لەخۆی نیشان داو و خۆی بە دەسەڵاتی جەللادی خومەینی هەڵواسی. شایانی باسە کە دەزگای ئەمنیەتی دەسەڵاتی ئاخوندی بەردەوام سیاسەتی لە پەیوەندی بە ناردنی بەکرێگیراوەکانی بۆ ئوروپا و دروست کردنی هێندێک کەس بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی هەبێ و کار بە قازانجی ڕژیم بکات. هێندێک لەم بە ناو ئازادیخوازانە زەق دەکرێنەوەو تیشک دەخرێتە سەریان تا لە کاتی پێویست کەڵکیان لێ وەربگرن. ئەم جۆرە کەسانە بە بوونی پشتگیری بەردەوامی ڕژیم, چالاکیەکانیان دەست پێ دەکەن و لەژێر هێندێک نێو و بەرپرسایەتی بێ بنەما، هەوڵئەدەن خۆیان وەکوو کەسێکی خەباتکار و ئازادیخواز نیشان بدەن. ئەو کەسانە، لە کاتێک ڕژیم پێویستی دەبێ هێرش دەکەنە سەر دامەزراوە, جوڵانەوە, ڕێکخراوەکان و کەسایەتیەکان بە سەرچاوەو زانیاری هەڵە, تا بتوانن کەسایەتیە دیارەکان لە بەر چاوی خەڵک ناشیرین بکەن .

## عەرەبستان، خوازیاری ڕاوێژی بایدنە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی پێش گەڕانەوەی بۆ بەرجام.



وەزیری دەرەوەی عەرەبستان بە هەواڵدەری فەڕانسەی وتووە کە دەوڵەتی نوێی ئامریکا پێش گەڕانەوەی بۆ ڕێکەوتنی ناوکەیی لەگەڵ ئێران، دەبێت لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی فارس وتووێژ بکات چونکە ئەمە تاکە ڕێگای گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی سەقامگیرە. جۆ بایدن، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئامریکا، ئاماژەی بەوە کردوە کە دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتی ناوکەیی کە لەکاتی سەرۆک کۆماری باراک ئۆباما لەگەڵ ڕژیمی ئێران واژۆ کراوە، و دەوڵەتی ئێستای ئامریکا لەم ڕێکەوتنە هاتۆتە دەرەوە. عەرەبستانیش وەک ئیسراییل لەسەر بەرجام ڕەخنەی هەیە، بەڵام جۆبایدن سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئامریکا ئاماژەی بەوە کردوە کە لەسەر بەرجام لەگەڵ هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئامریکا، وەکوو عەرەبستانی سعوودی ڕاوێژ دەکات.

## حەسەن نەسروڵڵا: لەدوای لەسەرکارلادانی وەزیری بەرگری ئەمریکا دەبێ لەوپەری ئامادەباشی و وریایی دابین.

حەسەن نەسروڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی گروپی حیزبولڵای لوبنان، ڕۆژی چوارشەممە 21ی خەزەڵوەر، بە ئاماژە بەوەی کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ئاڵۆگۆڕێک لە ڕەوتی واشنتۆن لە ئاستی ناوچەکە وەدی ناهێنێ، هەروەها ووتی: لە ڕۆژانی مانەوەی دەوڵەتی ترامپ و بە پێی لابردنی وەزیری بەرگری ئەم وڵاتە، دەبێ لە بەرزترین ئاستی وشیاری و ئامادەییدا بین. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، حەسەن نەسروڵڵا لە بەرنامەیێکی تلڤیزیۆنیدا، ووتی: دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ لە ڕیزی خراپترین دەوڵەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە وبەهاتنە سەرکاری دەوڵەتی نوێ لە واشنتۆن ،ئاڵۆگۆڕێک لە سیاسەتی پشتیوانی ئەمریکا لە ئیسراییل لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو نادات. بەڕێوەبەری گروپی حیزبولڵا کە یەکێک لەنزیکترین گروپەکان بە ڕژیمی ئێرانە، وتی: لە دۆڕانی کەسێک کە بڕیاری کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیسی داوە ، خۆشحاڵە. ناوبراو هەروەها پێداگری کرد کە بەپێی کەسایەتی دۆناڵد ترامپ و لابردنی وەزیری بەرگری ئەمریکا، هەموو ئەگەرێک لە بەرچاو بگرین و دەبێ بازنەی بەرگریمان بەهێزتر و وشیارتر بکەین.مەبەستی حەسەن نەسروڵڵا، لە بازنەی بەرگری، ڕژیمی ئێران و سوریە وگروپگەلێک وەکو حیزبولڵا و حەماسە.



ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

TEKOSHAN

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# سەرنجێک لەسەر کوشتنی بەرپرسانی ڕژیمی ئێران!

ئامادەکردنی: فرمێسک ئەردەڵان



لەماوەی چەند حەوتوو و چەند مانگی ڕابردوودا، کوشتنی چەند کەس لە بەرپرسانی ئەتۆمی ڕژیمی ئێران ڕووی داوە کە ناکۆکی قوڵی پەیوەندی ڕژیمی ئێران و ئیسراییلی گەیاندۆتە لوتکە چونکە لە دو دەیەی ڕابردوو، ئەو کردەوانە لەلایەن بیروڕای گشتی،میدیاکان و شارەزایان، بە ئیسراییل نیسبەت دراوە،بەڵام بە دەگمەن ئیسراییل بەرپرسایەتی لە ئەستۆ گرتووە .دیارە زۆربەی ئەم کردەوانە پێویستی بە مانگ و ساڵ هەیە بۆ دارشتن و پشتیوانی لۆجێستیک و ئابوری، و لە هەمووی گرنگتر سیخور(جاسوس)، هێزی ئەمنیەتی و تیمی زەربە وەشێنی کارامەی پێویستە،و ئەمەش ئەو گومانە بە هێز دەکات کە وڵاتێک لە پشتی ئەم کردەوانەیە.لە دوایین کردەوە دا،موحسین فەخریزادە، کە فەرماندەی سپای تیرۆریستی پاسداران و بەرپرسی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە و داهێنانی وەزارەتی بەرگری، لە شاری دەماوەند کوژرا، ڕژیم، ئیسراییل بە تاوانبار دەزانێ لە کوشتنی پاسدار فەخریزادە.

موحسین فەخریزادە کێ بووە؟

بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە بارەی ئەگەری ڕۆڵی ئیسراییل لەم کردەوە، دەبێ تیشک بخەینە سەر کردەوەکانی پێشووی ئیسراییل و لیستێکی دوور و درێژ لەم کردەوانە لە شوێنە هەستیارەکان و کوشتنەکان کە پەیوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکەیی ، نیزامی و سیاسی ڕژیم لە ناوخۆیی ئێران بووە. بەپێی هەندێک لە ڕاپۆرتەکان، تەقینەوەی پارچین لە ساڵی ١٣٨٦ یەکەمین کردەوەی ئیسراییل لە ناوخۆیی ئێران بووە و بەڵام هەندێک لە میدیاکان دەڵێن کە بەبڕیاری باراک ئۆباما ئەم جۆرە هێرشانە شەش ساڵ پێش واتە یەکساڵ پێش ڕێکەوتنی بەرجام ڕاگیران و وادیارە بەهاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ دوبارە دەستیان پێکردۆتەوە. لەمەودای ساڵانی ١٣٨٨ تا ١٣٩٠کۆچی خۆری، چوارکەس لە بەرپرسانی ناوکەیی ڕژیمی ئێران کوژراون، ڕژیم سەبارەت بە کوژرانی مەجید شەهریاری، مستەفا ئەحمەدی ڕەوشەن، مەسعوود عەلی محەممەدی، وداریوش ڕەزایی نژاد، ئیسراییل بە بەرپرسیار دەزانێ. هەرلە گەرمەی هەوڵەکان بۆ کوشتنی بەرپرسانی ئەتۆمی ڕژیم، هێرش کرایە سەر فەرەیدوون عەباسی دەوانی " بەڕێوەبەری پێشووی وزەی ئەتۆمی، بەڵام بەزیندوو دەرچوو بەرنەکەوت. پاش ئەم ڕووداوە میدیای فەرمی ڕژیم ١٢کەسی بە تاوانبار ناساند و لە تلوڤزیۆن بەزەبری زۆر، دانپێدانانی زۆرەملێی پیشان خەڵک دا.بەپێی ڕاپۆرتی هەندێک لە هەواڵدەریەکانی ئەمریکا،و لەزاری ژمارەیێک لە بەرپرسانی، ڕایانگەیاند کە ئەم هێرشانە بەپشتیوانی ئیسراییل و بەدەستی سازمانی موجاهیدین جێبەجێ دەکرێ (ڤایرۆسی سیستەمی کۆمپیوتەری ڕژیمی ئێران) ئێستاکس نێت" ڤایرۆسێکە کە دروستکراوی ئامریکا و ئیسراییلە و لەساڵی ١٣٨٩بەم ڤایرۆسە هێرش کراوەتە سەر دامەزراوەی ناوکەیی ڕژیم، بەتایبەت وێستگەی بوشەهر، دواتر ئیسراییل ئاشکرای کرد کە ڕژیمی ئێران، چەندین کەس لە وێستگەی بوشەهر، بەتاوانی هاوکاری کردن لە هێرشی ئەم ڤایرۆسە بۆسەرسیستەمی کۆمپیوتەری ڕژیم، دەسبەسەر و دواتر لەسێدارەی دراون.

(تەقینەوەی کۆگای موشەکی سپا وکوژرانی حەسەن تێهرانی موقەدەم بەرپرسانی ڕژیم، حەسەن تارانی موقەدەم وەک دامەزرێنەری هێزی موشەکی سپای تیرۆریستی پاسداران، ناو دەبەن. لە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٠، تەقینەوەیێکی بەهێز لە کۆگای چەک وتەقەمەنی سپای پاسداران لەشاری مەلارد، بووە هۆی کوژرانی ١٧کەس کە حەسەن تارانی موقەدەم یەکێک لەو کوژراوانە بوو. ئاسەواری ئەم تەقینەوە بەڕادەیێک بوو کە لەهەموو تاران دەنگ بیسترا وخەڵک هەستیان پێکرد، دواتر بەرپرسانی ڕژیم وتیان: ئەم تەقینەوە، ڕووداوێک بووە و ڕۆڵی ئیسراییلیان لەم تەقینەوە ڕەتکردەوە.بەڵام دوو ڕۆژ پاش ئەم ڕوداوە، گۆڤارێکی ئامریکایی ڕایگەیاند: مووساد، ڕێکخراوی ئیتلاعاتی دەرەوەی ئیسراییل، ڕۆڵی لە روداوەدابووە هەروەها وتی: نابێ نابێ باوەڕ بە درۆی ڕژیمی ئێران بکرێ و گەلاڵەی دیکە بۆ زەربەلێدان لەبەرنامەی مووشەکی و ناوکەیی ڕژیم دارێژراوە و جێبەجێ دەکرێ).(ئاگرکەوتنەوەی گەورەی پیشەسازی پترۆشیمی ساڵی ١٣٩٥)کۆچی خۆری.(ئاگرکەوتنەوە لە پترۆشیمی بوعەلی سینای ماهشەهر).ساڵی ١٣٩٥ چەندین ئاگرکەوتنەوەی بەربڵاو لە پیشەسازی پترۆشیمی ڕویدا، گومانی هێرشی سایبری زیاترکرد، بەڵام بەرپرسانی ڕژیم هۆکاری ئەو ڕووداوانەیان کۆنە بوونی دامەزراوەکان و گەرم بوونی کەش و هەوا لەقەڵەمدا. لە مانگی پوشپەری ساڵی ١٣٩٥، پاش ئەوەی کە ناوەندی پترۆشیمی بەندەری ماهشەهر ئاگری لێکەوتەوە، هەواڵدەری تەسنیم ڕایگەیاند، ئاگرگرتنی بیستوون، نۆیەمین ئاگرکەوتنەوەی پیشەی پترۆشیمی لەوساڵەدا بووە،و خەسارەتی ئابووری و گیانی زۆری لێکەوتەوە و دواتر هەواڵدەریەکانی ڕژیم ڕایانگەیاند، لەماوەی شەش مانگی سەرەتایی ساڵی ١٣٩٥، پازدە ناوەندی پترۆشیمی ئاگریان گرتووە. دوساڵ دواتر و لەساڵی ٩٧، حەمید فەتاحی، جێگری وەزیری پێوەندییەکان و بەڕێوەبەری هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی، لە تویێتێکدا باسی لە هێرشی بەربڵاوی لە دژی ژمارەیێک لە پێکهاتە پێوەندییەکان کرد و وتی ئەم هێرشانە لەلایەن ئیسراییل کراوەتە سەریان. هێرشی سایبری کە بەکەڵک وەرگرتن لەجیلی نوێی ئێستاکس نێت" بە ئامانجی چەندین بەشی پێوەندییەکان، بووە. تەقینەوە و ئاگر کەوتنەوەی یەک بە دوایەکەکانی ساڵی ١٣٩٩.یەکەمین ئاگر لێکەوتنەوەی گوماناوی لە ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٩لە دامەزراوەی پترۆشیمی لەکەنداوی فارس ڕوویدا.

لە ٥ی پوشپەر دو ڕووداو سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا، لەم ڕۆژەدا دانیشتوانی ڕۆژئاوای شاری تاران، باسیان لە دەنگ و ڕۆناکیەکی زۆرکرد کەتا چەندین کیلۆمتر بینراوە.

وەزارەتی بەرگری ڕژیم وتی: ئەم دەنگە بۆ تەقینەوەی کۆگاییکی گاز لەناوچەی گشتی پارچین بووە بەڵام وێنەکان پیشانی دا کە ئەم تەقینەوەیە ٢٠کیلۆمتر لەپارچین دووربووە و شوێنی چەندین ناوچەی پەرەپێدانی موشەکی ڕژیمی ئێرانە. هاوکات لەشاری شیراز، لە جێگاییکی کارەبا، تەقینەوە بووە و بووە هۆی بچڕانی بەشێکی گەورە لەشاری شیراز. هەرچەندە تەقینەوەی خنجیر گومانی ئەوە زیاد دەکات کە ئەم تەقینەوانە عەمد بووە، بەڵام تەقینەوەی دامەزراوەی نەتەنز بەشێوەی فەرمی ناوی ئیسراییلی وەکوو هۆکاری ئەم کردەوانە زەقکردەوە. لە ١٢ی پوشپەر تەقینەوەیێک لە دامەزراوەی ناوکەیی نەتەنز" ڕوویدا و ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەڕاپۆرتێکی چڕوپڕ، بەباسکردن لەوردەکارییەکان، بەرپرسیارەتی خستە ئەستۆی ئیسراییل. دواتر چەندین کەس بەناردنی ئیمەیلێک بۆ بی بی سی فارسی، ئەم هێرشەیان وەئەستۆ گرت و ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەم تەقینەوانە بە بەرنامەی درێژڕاو بووە وئەمە کۆتایی تەقینەوەکان نەبوو و لە ڕێکەوتی ١٤ی پوشپەر، هەواڵی دو ڕووداوی جیاواز،لەدو شوێنی پارێزگای خوزستان بڵاو بۆوە. سەرەتا بڵاوبوونی کۆلۆر لە پترۆشیمی ماهشەر ٧٠کەسی مەسموم کرد و ٤٥چرکە دواتر، دووهەمین ڕووداو لە وێستگەی زەرگان"ی شاری ئەهواز بوو.کوشتنی نەفەری دوهەمی ئەلقاعیدە. هاوکات لەگەڵ تەقینەوەی نەتەنز و چەندین بنکەی نیزامی دیکە، ئەلمسری نەفەری دوهەمی ئەلقاعیدە و کچەکەی لە شەقامی پاسدارانی شاری تاران بە فیشەک لەلایەن دو ماتوڕ سوار کوژران . لەدوایین نموونە دا کوژرانی موحسین فەخریزادە بوو و لە میدیاکانی ڕژیم ، وێنەی نەتانیاهۆ کەباس لە موحسین فەخریزادە دەکات، بڵاو بۆتەوە و ئەم کردەویان بە ئیسراییل نیسبەت داوە و ئیسراییل وەکوو هەمیشە نە تەییدی دەکات و نەک ڕەدی دەکات.

## هەورامان لە ئەگەری تۆمارکردنی لە کلتوری جیهانیدا!



ئالیوت ئابرامز" نوێنەری تایبەتی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت: بە سەرنج دان بەوەی کە بەشێکی زۆر لەو گەمارۆیانەی خراوەتە سەر ئێران پێوندییان بە مافی مرۆڤ و دژی ترۆریستن، هەر بۆیە بە دڵنیاییەوە دەوڵەتی جۆ بایدن ناتوانێت تەواوی گەمارۆکان لە سەر ڕژیمی ئێران هەڵبوەشێنێتەوە. ئابرامز، ڕۆژی دووشەممە لە وتووێژێکدا لەگەڵ تایمز او،ی ئیسراییل وتی: بەر پرسانی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ لەگەڵ تیمی جۆ بایدن کۆبونەوێیکی نهێنیان ڕێک خستووە و هەوڵیانداوە دەوڵەتی داهاتو ڕازی بکەن کە ڕێکەوتنی ساڵی ٢٠١٥ سەبارەت بە ڕێکەوتنی ناوکەیی لەگەڵ ئێران، لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەکەڵک نایات.

ناوبراو هەروەها باس لەوە دەکات کەچاوەڕوان دەکرێت کاروچالاکی ناوکەی ڕژیمی ئێران لە نەبونی فەخری زادە ڕەوتێکی هێواش بەخۆیەوە ببینێ و هیچ کەس وەک ئەو لە کاروباری ناوکەیی ئێران زانیاری نیە.

# هەورامان لە ئەگەری تۆمارکردنی لە کلتوری جیهانیدا!

هەورامان ناوچەیێکی مێژوویە کە دەکەوێتە نێوان ڕێگای کرماشان، مەریوان، سنە، پاوە، جوانرۆ، نۆدشە، نەوسود، سەوڵاوا و کامیاراندایە .هەروەها شاری هەورامانی تەخت، 76گوند لەخۆ دەگرێت کە تاکو ئێستا 13گوندی لەڕیزی ئاسەواری نەتەوەیی تۆمارکراون و 22گوندی دیکەش، بۆ ئەم بابەتە بەدواداچوونی بۆ دەکرێ. تۆمارکردنی هەورامان دەبێتە هۆی ئەوەی سەرەنجی هەموو جیهان بۆ ئەم ناوچەیە ڕابکێشێ. هەورامان بەهۆی تایبەتمەندیە جیاوازەکانی چ لە بواری کلتوری وسروشتی و بەرهەمەکانی، ناوچەیێکی جیاوازە. شایی پیرشالیار و میراتی سروشتی وەکوو کانی بل و باخێکی 700ساڵان لە جیاوازیە هەرە گرنگەکانی هەورامانە. مێژوویی کۆنی ئەم ناوچەیە سەرەنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ خۆی ڕاکشاوە و یەکێکە لەو ناوچانە کە ئاسەواری بە شێوەی سروشتی ماوەتەوە. تۆمارکردنی جیهانی و بەرزبونەوەی ڕێژەی هاتنی گەشتیاران، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابوری ئەم ناوچەیە.دەستەواژەی هەورامان لە دوبەش (هەورا بەواتای ئەهورا و مان بەواتای ماڵ یان پێگەو نیشتمان و لە ڕاستیدا بەمانای نیشتمانی ئەهورا و جێگای ئەهورامەزدایە). حەشیمەتی ئەم ناوچەیە 300هەزار کەس لەقەڵەم دراوە. بەشێک لە هەورامان لە کوردستانی باشور و شاری هەڵەبجەیە.

